# بەهای شیعری کرمانجی خواروو لە ژێر چەمکی لاساییکردنەوەدا
# بە پێی بنەما تیۆرییەکانی ئەفلاتوون

**پ.د. نەوزاد وقاص سعید        م. ڕێبوار محمد اسماعیل**
**زانکۆی سەلاحەددین**
**کۆلێژی پەروەردە**
**بەشی زمانی کوردی**

## پێشەکی

لاساییکردنەوە وەك چالاکییەك، کە سیفەتی غەریزەیی هەیە، دەرکەوتنی لە مرۆڤدا هاوکاتی دەست پێکردنی سەرەتاکانی ژیانییەتی، بۆیە لاساییکردنەوە بەشێکە لەو سیفەت و پێکهاتانەی، کە بە ئاوێتە بوونیان چەمکی مرۆڤبوون دەبەخشن، پرۆسەی لاساییکردنەوە بەشێك بووە لەچالاکی ڕۆژانەی ئادەمیزاد لە پێناو مانەوەدا، مرۆڤ هەر لەسەرتای بوونیەوە بۆ جێبەجێ کردنی پێویستییەکانی خۆی و ڕاپەڕاندنی کاروباری ژیانی ڕۆژانەی بە مەبەستی تێگەیشتن لە وێنە و دیاردەکانی ناو سروشت و سود وەرگرتن لە کەرەستەکانی دەوورو بەری خۆی پەنای بۆ ئەم پرۆسەیە بردووە، لە هەمان کاتدا لەئەنجامی لاساییکردنەوەدا گۆڕانکاری و داهێنان و بیری نوێ سەری هەڵداوە، چونکە مەرج نییە هەموو لاسایکردنەوەیەك دەقاودەق بێت، لەهەر لاساییکردنەوەیەکدا بەلای زیاد یان بەلای کەم گۆڕانێك لەگەڵ ڕەسەنەکە ڕوودەدات، هەندێك دیمەن و شت پاش لاساییکردنەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، واتا وردە وردە دوای ئەو ئەم پرۆسەیە دیمەن وبابەتەکە گۆڕاوە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر و لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر، بەمەش گۆڕانکاری و داهێنانی سەرەتایی لێکەوتووەتەوە، واتە گۆڕان و دروستکردن و داهێنان لێکەوتەی پرۆسەی لاساییکردنەوەن، بێگومان هەموو داهێنەرێك پێشتر لەم پرۆسەیە سوودمەندبووە، ((هیچ داهێنەرێك یان کەسایەتییەکی سەربەخۆ لە هیچەوە و لەخۆوە نابێتە داهێنەر، بەڵکو هەردەم بە قۆناغی پرۆسەی ئەزموونی لاساییکردنەوەدا تێدەپەڕێ، ئینجا پاشان گەشە دەکا و بۆ قۆناغی داهێنان و سەربەخۆیی پەرەدەستێنێ))(محەمەد، ٢٠١٦، ل١١٩). لاساییکردنەوە هەروا کردەیەکی ئاسان نییە، بەڵکو پرۆسەیەکە پەیوەستە بە دیوە شاراوەکانی مرۆڤەوە، بۆیە دەبێت لە چۆنییەتی ڕوودانی کردەی لاساییکردنەوەدا سەیری توانا عەقڵی و لایەنە دەروونییەکانی مرۆڤ بکرێت، فێربوون و پەیداکردنی شارەزایی لە هەر بوارێك بێت ئەوا پێویستی بە هۆکار و ڕێگای


e-ISSN (2522-7130)        p-ISSN (2410-1036)

جۆراوجۆر هەیە، لاساییکردنەوەش هۆکارو ڕێگایەکی بەهێزە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئامانجە، ئەم سیفەت و توانایە وەکو بەخششێك، خودا بەمرۆڤی داوە بۆ ئەوەی بتوانێ زانیاری لەسەر ژیان و کاروباری ئایینی و دنیایی وەربگرێت، بەمەش کاروبارو پێویستییەکانی ژیانی خۆی ڕاپەڕێنێت، (لاساییکردنەوە لە دروستکردنی کۆمەڵگا و پێگەیاندن و گەشەسەندنی شارستانییەت فاکتەرێکی گەورەی دیاردەکان بووە، لە پرۆسەی پەیدابوون و وەرگرتنی زمانیشدا، دیسان پرۆسەی لاساییکردنەوە ئەو ئەرکە گرنگەی لە ژیانی مرۆڤایەتیدا گێڕاوە)(دیورانت،٢٠٠١، ل١٢٣ـ ١٢٤).

ئەوەی جێگەی ئاماژە بۆ کردنەوە ئەوەیە، کە هەموو لاساییکردنەوەیەك بەو مانایە نییە، کە مرۆڤ هیچی بەدەستەوە نییە لەم پرۆسەیەدا و مرۆڤ تەنیا هۆکارێکە گوزارشت لەو کار و بابەت و توانایە دەکات، کە پێشتر هەیە و ئەویش وەری گرتووە. ئەگەر لە مەسەلەکە بڕوانین بۆمان دەردەکەوێت هەر شتێك، کە مرۆڤ لاسایی دەکاتەوە و وەریدەگرت بە ڕێڕەوێکی دەروونی و عەقڵیدا دەڕوات، ((لاساییکردنەوە لە نێوان هەموو توانا دەروونییەکان توانایەکی تاکە بۆ لاساییکردنەوەی شتە هەست پێکراوەکان، کە پێشتر تاك ئەو شتەی، لاسایی دەکاتەوە لە ڕێگەی هەستەکانی خۆیەوە لە مێشکیدا خەزن دەکات، دواتر بەپێی تواناکانی خۆی لاساییان دەکاتەوە، کە خۆی لە لاساییکردنەوەی جۆراوجۆر دەبینێتەوە))(جهامی، ١٩٩٨، ص٧٧٤). ئەگەر سەیر بکەین دەبینین پرۆسەی لاسایی کردنەوە لای ڕۆبۆتەکان، بەهەمان ڕێڕەوی مرۆڤدا ناڕوات و بابەت و فرمانەکان چەندین جار دووبارە دەبێتەوە بێ ئەوەی هیچی لێ زیادو کەم بکرێت، لەبەر ئەوەی فرمان و بابەتەکان بە توانایەکی جێگیرەوە بەستراوەتەوە و عەقڵێکی ئەلکترۆنی فۆرمیشکراو بەڕێوەیان دەبات.

## بەشی یەکەم

## چەمك و زاراوەی لاساییکردنەوە

سەبارەت بە لاساییکردنەوە وەك زاراوەیەك، کە لەبواری فیکری و فەلسەفی و ئەدەبی بەکاردێت، بناوانەکەی بۆ یۆنانییەکان دەگەڕێتەوە، کە وشەی (**Mimesis**)ی بۆ بەکاردێت، ئەم وشەیەش بەرامبەر بە وشەی (**Imitation**) دەوەستێت لە زمانی ئینگلیزیدا، هەرچەندە بە بڕوای بەشێك لە ڕەخنەگران ئەم وشەیە هەمان واتای زاراوەی (**Mimesis**) نادات بە دەستەوە، بۆ نموونە بە بڕوای "کرۆتشیە" ئەو وشەیە شتێکە لە نێوان لاساییکردنەوە و وێنە گرتندا (ستونلیتز، ١٩٨١، ص١٥٥). سەبارەت بە زاراوە لاساییکردنەوەی لە زمانی عەرەبیدا بە (المحاکاه) هاتووە، کە واتای لاساییکردنەوە دەگەیەنێت لە کردارو گوفتاردا، ئەم وشەیە لە فەرهەنگی "لسان العرب"دا بە مانای (حکی، الحکایە)دێت، واتە گێڕانەوەی ڕوداوێك یان کارێك یان قسەیەك دەگەیەنێت (ابن منظور، ١٩٩٥، ص٣٤٦). هەروەها بەمانای تەقلید و گواستنەوە و دووبارەکردنەوەی کار و قسەش هاتووە.

لە زمانی کوردیشدا بە رامبەر بە وشەی (**Mimesis**)ی ئیغریقی و وشەی (المحاکاه) ی عەرەبی وشەی لاسایی یان لاساییکردنەوە بەکاردێت، لە فەرهەنگی کورستانی "گیو موکریانی"شدا لە بەرامبەر وشەی "لاسایی"، وشەکانی وەك (لاسا، تیتاڵی، چاولێکەری، پاسخەڵی، دەمەلاسکانێ) بەکارهاتووە، هەمووشیان بە وشەی کردن دەچنە دۆخی کارەوە.

لەفەرهەنگی "کامبیردج"دا هاتووە (کاتێك کەسێك هەڵدەستێت بەپێشکەش کردنی شیعری شاعیرێك، لەبری دانەرەکەی، ئەو کەسە تەمسیلی کەسایەتی دانەر دەکات، یان کاتێك کەسێك دەچێتە بەرگی کەسایەتی شاعیرێکەوە بۆ ئەداکردنی دەقی شیعری ئەم شاعیرە، ئەوا ئەم گوزارشتە پێی دەگوترێت "لاساییکردنەوە" )(کینیدی، ٢٠٠٥، ص١١٤ ـ ١١٥).


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ـ کەواتە چەمکی لاسایی لە سادەترین مانادا بریتییە لە دووبارەکردنەوەی هەر شتێك، کە لە سروشت و دەورووبەری مرۆڤدا هەیە ئینجا کار و ئەزموونێك بێت یان بەسەرهات و گوتن بێت یانیش وێنە و جوڵەیەك بێت، ئەو شتە ئاگایی مرۆڤ بۆ لای خۆی دەبات و بە پێی پێویست و لە هەڵوێستی جیاجیادا دووبارەی دەکاتەوە، زۆرجار لاساییکردنەوە زەرورییەتێکە بۆ مانەوە و خۆگونجاندنی ئادەمیزاد لەگەڵ بارودۆخی ژیان و ژینگەی ژیانیدا، غەریزەی ئیرۆس، کە پاڵنەری مانەوە بۆ مرۆڤ دروست دەکات بۆ ئەوەی مرۆڤ هەمموو هەوڵێك بدات لە پێناو مانەوەی لە ژیاندا، لاساییکردنەوەش لای مرۆڤ و تەنانەت زیندەوەرانی تریش، هەوڵێکە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئامانجە. بۆیە دەبینین زۆرێك لە ڕەخنەگر و لێکۆڵەرە جیاجیاکان بە شێوەیەکی پۆزەتیف لەم پرۆسەیە دەڕوانن، ئەم پرۆسەیە لە چوارچێوەی عەقڵ و توانای مرۆڤ و داهێنان سەیر دەکەن، بۆ نموونە سیدنی دەڵێت: (( لاساییکردنەوە بریتییە لەو چەمکەی، کە واتای بیرۆکە و نموونەی داهێنراو دەگەینێت))(عباس، ١٩٨٧ ص١٧). بەم پێیە لاساییکردنەوە نابێتە بکوژی توانا و بەهرەکانی تاك و بەڵکو ڕێگەیەکە بۆ گوزارشتکردنی تاك لە توانا عەقلی و دەروونییەکانی خۆی. بەلاّم بابەتێك هەیە، کە لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت، لاسایی کردنەوە لە ئەنجامی بوونی شتێك یاخود بڵێن نموونەیەك دروست دەبێت، کە مرۆڤ دەیەوێ دووبارە باسی ئەو نموونەیە بکاتەوە یان دووبارە وێنەکەی بکێشێتەوە یانیش نموونەیەکی تری هاوشێوە و لێکچوو پێشکەش بکاتەوە، دیارە ئەگەری سەرکەوتنی ئەو نموونەیەی مرۆڤ دووبارەی دەکاتەوە پەیوەستە بە ڕێژەی لێکچوون لە نێوانیاندا، واتە لاساییکردنەوە لەسەر بنەمای بوونی ڕێژەی زۆری پەیوەندی لە نێوان نموونەی ڕەسەن و نموونەی لاسایی دەوەستێت، بەجۆرێك بگاتە ئەو ڕادەیەی، کە لاساییکردنەوە وەك ئەوەبێت کە لە ئاوێنەدا وێنە ڕەسەنەکە دەبینین، وەك ئەفلاتوون دەڵێت : (ئەوەی هونەرمەند ئەنجامی ئەدات و پێویستی پێیەتی، بە دەستەوە گرتنی ئاوێنەیەکە بۆ ئەوەی بەهەمموو لایەکدا بیسوڕێنێت)(ستونلیتز، ١٩٨١، ص١٥٩). کاتێك باس لە توانای شیعری شاعیرێك دەکەین لەژێر هەمان بنەمادا، خوێندنەوە بۆ وێنە شیعرییەکەی دەکەین، بۆ نموونە کاتێك دەڵێن مەولەوی لە باسکردنی سروشت یان گۆران لە وەسفی ئافرەت و گەشتەکەی خۆی بۆ قەرەداغ و ناوچەی هەورامانیدا نموونەی زۆر بەهێز و بەرزییان پێشکەش کردووە، ئەوە بۆ توانای وێنەکێشانەوەی نموونەکان دەگەڕێتەوە لەلایەن شاعیرەکانەوە، بە جۆرێك گۆرانی شاعیر ((هەندێك جار وەسفی ئافرەت وەك خۆی دەکات، وەك وێنەیەکی فۆتۆگرافی ژنێکی جوان ببینێ، یان وەسفی سروشت وەك خۆی دەکات بە لووتکەی بەرزی گەردەن کەش و نزاری سپی و بەخۆری ڕەش و دۆڵی کپ و داستانانی زەبەند و چڕەوە))(رسول، ١٩٩٠، ل١٣٠). لێرەدا بوونی لێکچوونی بەهێز لە نێوان وێنە ڕەسەنەکە و وێنە لاساییەکە بەهێزی شاعیر و دەقی شیعرەکەمان نیشان ئەدات، واتە پرۆسەی لاساییکردنەوە لە ناو شیعردا، پرۆسەیەکی جێگیر و مردوو نییە، بەڵکو پرۆسەیەکە سیفەتی زیندو و گۆڕاوی هەیە و مرۆڤ دەتوانی بەپێی توانای خۆی زیرەکی و بەهرەی شیعر نووسینی خۆی تێدا نمایش بکات.

## تیۆری لاساییکردنەوە

گەشەی ئەدەب و هونەر لە پاڵ گەشەی فیکرو فەلسەفە لە یۆناندا، هەروەها بڵاوبوونەوەی جۆرەکانی ئەدەب وەك شیعری درامی و داستان و شیعری فێرکردن و جۆرەکانی تر، بایەخدانی فەیلەسوفەکانی بە ئەدەب و هونەر بەشێوەیەکی گشتی و چەمکی شیعر بە تایبەتی بەدوای خۆی داهێنا، ئەمەش بووە دەروازەیەك بۆ پەیدابوونی ئەدەبیاتناسی بەشێوەیەکی گشتی و بیری ڕەخنەیی و گفتوگۆ و لێکدانەوەی تیۆری و ڕەخنەیی بەتایبەتی.

سروشتی ئەدەبیاتناسی بە هەموو لقەکانییەوە بریتییە لە دەرئەنجام و لێکەوتەی بوونی بەرهەم و داهێنانی ئەدەبی و هونەری (سەرهەڵدانی ئەدەبیاتناسی بۆ ئەو ناوەند و کۆمەڵگایانە دەگەڕێتەوە، کە ئەدەب و


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

هونەری تێدا بلاّوبووەتەوە، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە بەرهەمی ئەدەبییەوە، یۆنانییەکان بۆ یەکەمجار لەسەدەی پێنجەمی پێش زایینیدا، فەلسەفەی هونەر و ژیانیان دامەزراند، ئەمەش بووە بنەمای ئەدەبیاتناسی و پەیدابوونی تیۆری ئەدەبی و ڕەخنەی پراکتیکی)(برێسلێر، ٢٠٠٧، ل٤١). بۆ تێگەیشتن لەچەمکی ئەدەب و وەلاّمدانەوەی هەموو ئەو پرسیارانەی، کە لەسەر سروشتی ئەدەب و سەرهەڵدان و ئەرکی ئەدەب خراونەتەڕوو لەلایەك ، هەروەها بۆ بڕیاردان لە سەر باشی و خراپی دەق و بەهێزی و لاوازی بەرهەمی هونەرمەند و شاعیران چەندین بۆچوون و چەمکی ڕەخنەیی و تیۆری لە لایەن فەیلەسوف و زانا و خودی شاعیرەکانیش خراونەتەڕوو، بەمەبەستی هەڵهێنانی چییەتی ئەدەب و هونەر و وەلاّمدانەوەی هەموو ئەو پرسیارانەی، کەپەیوەستن بە سروشتی ئەدەبەوە، (پەیدابوونی کۆمەڵێك شاعیری گەورەی وەك "هسیۆد و هۆمیرۆس" و زالبوونی بۆچوونی سۆفستاییەکان بەسەر کۆڕ و ناوەندەکاندا بەرپەچدانەوەیان لەلایەن چەند فەیلەسوفێکی تری وەك "زینۆڤانس و سوقرات"، کۆمەڵێك ڕۆشنبیرو ڕەخنەگری سۆفستایی دروستکرد، کە دەستێکی باڵایان لە ڕەخنەسازیدا هەبووە بە تایبەتی " بروتاگۆراس و هیباس و بروديکوس"، کە بۆچوونەکانی ئەفلاتوونیش لێکەوتەی وەلاّمدانەوە وگفتوگۆی نێوان ئەم ڕەوتەن)(بەصیر، ١٩٩٣، ل٧٠). بەمەش بۆچوونی ڕەخنەیی سەربەخۆ و چەمکی جۆراوجۆری سەر بە ئەدەبیاتناسی بۆ لێکۆڵینەوەی دەقی شیعری هاتنە کایەوە.

لاساییکردنەوە یەکێکە لەو چەمك و بۆچوونە تیۆرییانەی، کە بوو بەمەسەلەیەك لە چوارچێوەی ئەدەبیاتناسیدا، لە ژێر تیشکی ئەم مەسەلەیەدا لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی جۆراوجۆر بۆ دەقی شیعری و کاری هونەری کراوە. بیری لاساییکردنەوە بە شێوەیەکی پەرش و بلاّو و نارێکخراو دەگەڕێتەوە بۆ پێش فەلسەفەی سوقرات و ئەفلاتوون، کەم تا زۆر بە شێوەی جیاجیا ئاماژە بەم مەسەلەیە کراوە. بەلاّم بەشێوەیەکی مەنهەجی و لە ناو ڕێبازێکی فەلسەفی سەربەخۆدا لە لای ئەفلاتوون خرایە ناو گفتوگۆ فەلسەفییەکانەوە، ئەفلاتوون وەك فەیلەسوفێك لە چوارچێوەی فەلسەفەیەکی تۆکمەدا دەیەوێت نەرێنی کرداری لاساییکردنەوە بسەلمێنێت، دوای سەلماندنی نەرێنی و چەوتی لاساییکردنەوە دژایەتی خۆی بۆ ئەم کارە دەخاتەڕوو، هەر شتێکیش بکەوێتە ناو بازنەی لاساییکردنەوە ئەفلاتوونیش دژسەنگەرە لەگەڵیدا، کە ئەدەب و هونەریش یەکێکە لەو شتانەی ئەفلاتوون لە ناو بازنەی لاساییکردنەوەدا لێیان دەڕوانێت، بۆیە لەگەڵ شیعر و شاعیراندا نەیار دەردەکەوێت و هێرشێکی فەلسەفی دەکاتە سەر ئەدەب و هونەر.

دوای ئەمە بیرکردنەوە و لێکدانەوەی ئەرستۆ بۆ لاساییکردنەوە و گرنگی پێدانی ئەرستۆ بە مەسەلەی لاساییکردنەوە لە چوارچێوەی ئەدەبیاتناسییدا، بایەخی تیۆری هەبوو، بۆیە دوای ئەوە ئەم مەسەلەیە وەك تیۆرێکی ئەدەبی سەربەخۆ، کە بریتییە لە تیۆری لاساییکردنەوە خۆی بەرجەستە کرد. واتە (تیۆری لاساییکردنەوە بە یەکەم تیۆری ئەدەبی لەقەڵەم دەدرێت، کە بنەماکانی لە سەدەی چوارەمی پێش زایینەوە لە لایەن ئەفلاتوونەوە دانران و پاشان ئەرستۆ بە مەبەستی تەواوکردنی ئەم تیۆرە درێژەی بە مەسەلەی لاساییکردنەوەدا)(ماضی، ١٩٨٤، ص١٧). دوای ئەرستۆ تیۆری لاساییکردنەوە جێگیربوو، ڕێگای خۆشکرد بۆ تێگەیشتن لە سروشتی ئەدەب و هونەر لەو چوارچێوەیەدا، ئیتر تیۆری لاساییکردنەوە فراوان بوو، چەندین تێگەیشتن و مەدلوولی تری لێکەوتەوە، کە ئەم تیۆرەی بە ئاراستە و بیرکردنەوەی تردا برد. یان بەهۆی لادان لە بنەماکانی بیرکردنەوەی ئەم تیۆرە بیری تری تیۆری و تێگەیشتن و تیۆری تری ئەدەبی هاتنە کایەوە.

## ڕەگ و ڕیشە فەلسەفییەکەی تیۆری لاساییکردنەوە

سەرچاوە مەعریفی و فەلسەفییەکەی تیۆری لاساییکردنەوە بۆ فەلسەفە ئایدیالیستییەکەی ئەفلاتوون دەگەڕێتەوە، کە پەیوەستە بە مەسەلەی بوونەوە. ئەم مەسەلەیە لە لای یۆنانییەکان هەر لە کۆنەوە جێگەی مشت و


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

مڕی نێوان زانا و فەیلەسوفەکانیان بووە، بۆ نموونە سەبارەت بە "بوون" لەو سەردەمەدا دوو بۆچوونی فەلسەفی لە ئارادابووە، کە خۆی لە بۆچوونەکانی "هیراکلیتس" و "پارمەنیدس" دەبینێتەوە، (هیراکلیتس باوەڕی بە گۆڕانی بوون هەیە و هەست بە سەرچاوەی زانین دەزانێت هەروەها پارمەنیدس باوەڕی بە نەگۆڕیی بوونی ڕووت هەیە و عەقڵ بە سەرچاوەی هەموو زانینێك دادەنێت. ئەفلاتوون هات هەردوو بۆچوونەکەی وەرگرت لە جیهانی هەستیدا ڕای هیراکلیتسی وەرگرت و لە جیهانی ئایدیادا بۆچوونی پارمەنیدسی پەسەند کرد)(عەزیز، ٢٠٠٥، ل١٩٢). ئەفلاتوون لە ئەنجامی تێڕامانی لەم بۆچوونانە لە لایەك ئەرکی هەستەکان و لە لایەکی تر بەهای عەقڵی بۆ بە دەرکەوت لە پرۆسەی زانیندا، هەر لەبەر ئەوەشە، کە لە تیۆری زانیندا جیهانی هەستەکان بە دەروازە و قۆناغی یەکەمی زانین لەقەڵەم ئەدرێن، ئەمە وای کر، کە ئەفلاتوون لە سنووری خۆیاندا ئاماژە بە هەردوو ڕەهەند بکات لە فەلسەفەکەی خۆیدا، (بۆیە ئەفلاتوون "بوون" دەکات بە دوو بەشەوە، یەکەم جیهانی بیری ڕووت یان نموونەیی، کە لە گۆڕان بەدووره و بە هۆی عەقڵەوە ڕێی پێ ئەبرێ. دووەم جیهانی هەستی، کە سێبەرو لاسایی جیهانی یەکەمە)(عەزیز، ل١٩٢). سەرەتا ئەفلاتوون دواتریش ئەرستۆ بۆ پرۆسەی زانین و تێگەیشتن لە دیاردەکانی سروشت و درککردن بە حەقیقەتی مادەکان هاتن ئاماژەیان بە هەر یەکە لە "هەست و عەقڵ" کرد، کە دواتر ئەمە تیۆری زانینی لەسەر بینا کرا، دوای هەموو ئەو بۆچوون و تێڕوانینە فەلسەفیانە ئە فلاتوون گەیشتە ئەو ئەنجامەی، کە مەرج نییە ئەوەی هەستەکان درکی پێ دەکەن، ئەصڵی حەقیقەت و جەهەری مادەکە بێت، بەڵکو هەستەکان دەتوانن لە سنوری لاساییکەرەوە درك بەشتەکان بکەن و زانین بەدەست بێنن. ئەوا عەقڵە، کە تایبەتە بەو جیهانە موتڵەقە، بە واتایەکی تر هەستەکان هەرگیز توانای دۆزینەوەی حەقیقەتی موتڵەقیان نییە، ئەفلاتوون بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم بابەتە نموونەیەك دەخاتەڕوو، کە بە نموونەی ئەفسانەی ئەشکەوت ناسراوە، بە بۆچوونی ئەفلاتوون (جیهانی ڕاستەقینە و جیهانی سێبەر لەوەدا دەردەکەوێت، ئەگەر وای دابنێن، کەسانێك هەن، کە هەر لە منداڵییەوە لە ئەشکەوتێکدا بوون و بەندکراون و دیوارێك لەبەردەمیاندا هەیە و بەجۆرێك بەستراونەتەوە، کە نەتوانن بەهیچ لایەکدا ڕووی خۆیان وەربگێڕن، لەم دیوارەدا تەنیا وێنەی سێبەری ئەو کەسانەیان بینیبێ، کە لە پشتیاندا بەهۆی ئاگرێکەوە سێبەریان لەسەر دیواری بەردەمیاندا دەرکەوتووە، ئەو بەندکراوانە وا دەزانن، کە ئەوەی لەسەر دیواری ئەشکەوتەکە دەیبینین وێنەی ڕاستەقینەن، ئینجا ئەفلاتوون دەڵێت: ئەگەر یەکێك لەوانە لە ئەشکەوتەکە بێتە دەرەوەو و وێنە ڕاستەقینەکان ببینێت، ئەوە مانای وایە، کە ئەو هاتنە دەرەوە بۆ دیتنی شتی ڕاسەقینە بەرزبوونەوەی ژیری مرۆڤە بۆ جیهانی ئایدیا و جیهانی عەقڵ، ئەفلاتوون وتی ئیتر ئەم ئەشکەوتە جیهانی ئێمەیە)(ئەفلاتوون، ٢٠٠٩، ل٢٢٧). ئەو سێبەرانەی، کە خەڵکانی ناو ئەشکەوت، لەسەر دیوارەکە بینیویانە بەهۆی هەستەکانیانەوە ئەوا وێنەی ڕاستەقینە نین و بۆیە ئەفلاتوون زانینی بەهۆی هەستەکانەوە لە ئاستێکی نزمدا نرخاندووە، چونکە هەستەکان سێبەر و وێنەی لاساییکەرەوە دەبینن. ئینجا ئەفلاتوون هەر لە چوارچێوەی ئەو فەلسەفەیەدا ئاماژە بە کاری ئەدەبی و هونەری دەکات، بۆ ئەومەبەستەش بازنەیەکی تری لاساییکردنەوە زیاد دەکات، ئەم بازنەیە بەلای ئەفلاتوونەوە ناپەسەند و ناپێویستە و سیفەتی نەرێنی هەیە، لە ناو ئەم بازنەیەشدا لێکدانەوە بۆ شاعیرو هونەرمەندان دەکات، ئەفلاتوون بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە لەبەشی دەیەمی کۆمارەکەیدا، ئاماژەی بەسێ جیهان کردووە کە بریتین لە "جیهانی نموونەیی" و "جیهانی سروشت" و "جیهانی سێبەر". ئەفلاتوون لەم بارەیەوە دەڵێت: ( ئەوەی کە وێنە کێش دروستی دەکات وەك وێنەی قەرەوێڵەیەك حەقیقەتی ئەوشتە نییە، چونکە ئەوەی دارتاش دروستی دەکات، ماهییەتی قەرەوێڵە نییە بەڵکو دارتاش شتێك دروست دەکات، کە هاوشێوەی حەقیقەتە بێ ئەوەی هەمان شت بێت)(ئەفلاتوون، ٢٠٠٦، ل٤٧٤ ـ ٤٧٥). هەروەکو ئاماژەمان پێکرد بەپێی بۆچوونی ئەفلاتوون لە تیۆری لاسایی کردنەوەدا سێ جیهان هەیە، یەکەم جیهانی ئایدیایە، ئەو جیهانە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

نموونەییە، کە حەقیقەتی شتەکان لەوشوێنەدایە و هەموو شتێك تێیدا بێ کەم و کورییە، دووەم جیهانی هەستپێکراوە ئەو جیهانە لاسایی جیهانی یەکەمە، ( شانۆی مادییە و ئادەمیزاد بە یەکێك یان زیاتر لە هەستەکان، هەستی پێ دەکات و لێی تێدەگات)(بەصیر، ل٦٧). سێیەم جیهان، جیهانی سێبەرە کە ئەمەش لاسایی کەرەوەی جیهانی دووەمە، بەپێی بۆچوونی ئەفلاتوون کارە ئەدەبی و هونەریەکان سەر بە جیهانی سێیەمن، هەروەکو دەڵێت: (ئەگەر فکرەیەك وەك نموونە وەربگرین بۆ نموونە کورسییەك، ئەوا لە جیهانی نموونەییدا بە تەواوی هەیە، بێ کەم و کورییە، دارتاش کاتێك کورسییەك دروست دەکات ئەوا لاسایی ئەو کورسییە نموونەییە دەکاتەوە ، بۆیە دەبێتە نموونەیەکی ناتەوای کورسی یەکەم، کاتێکیش شاعیر و هونەرمەند دێن و باسی ئەم کورسییە دەکەن ئەوە لاسایی وێنەی دووەم دەکاتەوە، بەمەش سێ جار لە حەقیقەت دوور دەکەوێتەوە)(ماضی، ص٢٤). ئیتر ئەفلاتوون بەپێی ئەم تیۆرە پاشەکشێ بە هونەرمەند و شاعیران دەکات و سێ هەنگاو لە نموونەی یەکەم و کردەی داهێنان دووریان دەخاتەوە، کارو بەرهەمەکانیان لە ژێر چەمکی لاساییکردنەوەیەکی نەرێنی شیدەکاتەوە، بەواتایەکی تر ( نموونەی یەکەم لە هەر شتێکدا نموونەیەکی تەواوە و دروستکراوی یەزدانە ناتوانین لە واقیعدا ببیینین نموونەیەکی تەواو کاملە، پاشان سروشت خۆی پڕە لە لاسایکەرەوەی ئەم نموونە یەکەمە یەزدانییە، بۆ نموونە درەختێك لە قەراغ ئاوێکدایە و وێنەی لەناو ئاوەکە دەبێتە لاسایی لاسایی کەرەوە، چونکە خودی درەختەکەی ناو سروشت لاسایی نموونەیەکە، کە یەزدان دروستی کردووە، کاری ئەدەبی و هونەریش وەك وێنەی درختی ناو ئاوەکە وایە)(بەرزنجی، ٢٠١٦، ل١٤ ـ ١٥). واتا بە بڕوای ئەفلاتوون نموونەی یەکەم، کە بریتییە لەحەقیقەتە موتلەقەکە دووبارە کردنەوەی ئاستەمە، مەحاڵە کە سروشت بتوانی ببێتە هەڵگری هەمان وێنە و بە فۆرم جەوهەرەی کە لە ئەصلدا هەیەتی و سروشت بەشێك لە جەوهەری حەقیقەت دەخوات و ونی دەکات، هونەرمەندیش، کە ئەم کارەدەکات خۆی لەبەر نموونەیەکدا ئەمە دەکات کە بەشێك لە حەقیقەتی ون کردووە، بۆ ئەوەش لە ئەنجامی پرۆسەکە بەشێکی تر لە بەهاو جەوهەری حەقیقەتی نموونەکە ون دەکات. ئەفلاتوونیش باوەڕی بە حەقیقەتی موتلەق هەیە و لەو بازنەیەدا لێکدانەوە بۆ دیاردەکان دەکات و حوکم بەسەر ئەدەب و هونەر دەکات، بۆیە پێی وایە کە هونەرمەند و شاعیر ناشێت بانگەشەی داهێنەر بۆ خۆیان و بەرهەمەکانیان بکەن، بەڵکو ئەوان لاساییکەرەوەی لاساییکەرەوەن. هۆکاری شێواندنی حەقیقەتن، لە ژێر کاریگەری ڕاستەخۆی جیهانی ئایدیادا نین و وێنە و شیعرەکانیان لە وێنەیەکی لاساییکراوە و ناتەواودا دەخوازن.

## پێوانەی ئەفلاتوون بۆ دەقی شیعری

ئەفلاتوون لە هەر یەکە لە کتێبی کۆمار و گفتوگۆیەکانی ئەیۆندا، لە چەند گۆشەیەکەوە لە دەقی شیعری دەڕوانێت و پێی وایە، کە دەقی شیعری لێکەوتەی پرۆسەیەکی ناشایستە و ناپێویستە و بەرهەمی کەسانێکە، کە لە حەقیقەتی ڕەها دوور کەوتوونەتەوە، ئەفلاتوون هەر تەنیا لە سنوری لاساییکردنەوە قسە لەسەر دەقی شیعری ناکات، بەڵکو چەند چەمکێکی تریش بۆ ناپەسەندی ئەدەب و هونەر و مەحکوم کردنی شیعر و شاعیران دەخاتە بەردەست، هەروەها ئاماژە بە چەند ڕەهەندێکی تریش دەکات، بۆ کێشان و پێوانە کردنی دەقی شیعری، بە مەبەستی پشت ڕاستکردنەوەی ئەو حوکمەی، کە بەسەر دەقی شیعری داوە، لە ژێر مەسەلەکانی وەك "ئیلهامی شیعر، بەدڕەوشتی، سۆزی ترس، نەبوونی زانیاری"، دووبارە خوێندنەوەیەکی نەرێنی بۆ دەقی شیعری پێشکەش دەکات، ئەفلاتوون هەر بە مەسەلەی لاساییکردنەوە ناوەستێت بۆ بێ نرخکردنی دەقی شیعری، بەڵکو لە ژێر لێکدانەوەی ئەم بنەما و چەمکانە درێژە بە بێ بەها کردنی دەقی شیعری ئەدات، وەکو پێشتر ڕوونمان کردەوە لە مەسەلەی لاساییکردنەوەدا، کە ئەفلاتوون دەقی شیعری بە لاسایی لاسایکەرەوە داناوە و پێی وایە سێ وێستگە دەقی شیعری لە حەقیقەت دوورە و شاعیرەکان ناتوانن بە حەقیقەت بگەن چونکە لە ژێر باری جیهانی هەستیدان،


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەستیش پلەیەکی نزمی هەیە لە گەیشتن بە حەقیقەت، ئەمە دەبێتە لەکەیەکی ڕەش بۆیان، بۆیە لێرەدا شاعیران و بەرهەمەکانیان بە پێویست نازانێت.

جگە لەمە پێشتریش بە مەسەلەی ئیلهام هێرش دەکاتە سەر شیعر و شاعیران، لە"گفتوگۆییەکانی ئەیون"دا، کە لە ڕاستیدا بەرجەستەکردنی بۆچوونەکانی سوقراتی مامۆستایەتی لە نوسراوەکەی ئەفلاتون سوقرات بە ئەیۆن دەڵێت: (ئەو لێهاتوویەی کە تۆ هەتە هونەر نیە، چونکە لە تواناتەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو ئەوە ئیلهامە، هێزیکی یەزدانییە ئەم کارەت پێ دەکات)(ئەفلاتوون، ٢٠١٠، ل٧٣٦). هەروەها دەڵێت: ( شاعیران بەهاوکاری هونەری مرۆڤ ناتوانن شیعر بهۆننەوە، بەڵکو توانایەکی یەزدانی هانیان ئەدات بۆ شیعر وتن، هەموو شاعیرێك بەپێی ئەو ئیلهامە شیعر دەڵێت، کە خوا پێی دەبەخشێت)(ئەفلاتوون، ل٧٣٨). ئەم بۆ چوونەی سوقرات دەروازەیەکە بۆ قسە کردن لەسەر سەرچاوەی شیعر، بەپێی ئەمە سوقرات بەرگی زانایی و شارەزایی لەبەر شاعیر دادەماڵێت و نوسینی شیعر بۆ تواناو لێهاتوویی شاعیر ناگەڕێنێتەوە، بەڵکو بەهێزێکی دەرەکی پەیوەستی دەکات کە لە ڕێگەی ئیلهامەوە پێیان دەگات، ئەمەش تیۆری ئیلهامی لێکەوتەوە.

هاوکات ئەفلاتونیش لە داهێنانی شیعریدا بەهەمان شێوە جەخت لەسەر بۆ چوونی مامۆستاکەی دەکاتەوە، پێی وایە شاعیر ناتوانێت شیعر بڵێت و داهێنان بکات، تاوەکو خواوەند ئیلهامی شیعری پێ نەبەخشێت، بەپێی بۆ چوونی ئەفلاتوون ئەو شتەی کە شاعیران دەیڵێن، شتێك نییە لە ژێر دەستەڵات و ئیرادەی شاعیردا بێت، شیعر نوسین پەیوەست نییە بە توانا تایبەتییەکانی تاك و لایەنەکانی هەوڵدان و خۆماندوو کردن و شارەزایی تاك لێرەدا ڕۆڵییان نییە، بەڵکو ئەم داهێنانە دەکەوێتە دەرەوەی بازنەی قۆناغەکانی پرۆسەی داهێنان و ناوەوەی شاعیر لەم کارە بەدەرە، بەڵکو سەرچاوەی شیعر ئیلهامێکە کە بە ئامادەکراوی لەلایەن خواوەندەوە بە شاعیران دەگات، (شاعیر ئەو کەسەیە، کە ڕاستەوخۆ لە خواوەوندەوە نزیکە بۆیە توانای دانانی شیعری هەیە، واتا خۆی ئەم توانایەی نییە و بەڵکو لە خواوەندەوە پێی دەگات،..وەك بڵێت خواوەندی شیعر پارچە موگناتیسێك بێت ئەوا ئەو هێزە کە لە موگناتیسەکەدایە شاعیر وەك پارچە ئاسنێك بۆ خی کێش دەکات و هەمان هێزی بۆ دەگوازێتەوە، ئەمەش شیعر خوان وەك پارچە ئاسنی دووەم بۆ خۆی کێش دەکات، شیعر خوانیش جەماوەر وەك پارچە ئاسنی سێیەم بۆ خۆی ڕادەکێشێت)(حوسێن، ٢٠٠٧، ل٢٨). نەزانی و بنەمای نەبوونی زانیاری لەسەر ئەو بابەتانەی، کە شاعیر لە دەقە شیعرییەکانیدا ئاماژەی پێ کردووە، یەکێکی ترە لەو مەسەلانەی، کە ئەفلاتوون دەیەوێت بەهۆیەوە شاعیرانی پێ تاوانبار بکات و لەبەر ئەوە ئەفلاتوون وەك فەیلەسوفێك بایەخێکی زۆری بە زانیاری و مەسەلەی زانین داوە، کە پێی وایە شاعیرەکان لەو زانینە بەدەرن و دەڵێت: (لە ڕاستیدا شاعیرەکان هیچ شارەزایییەك و زانیارییەکیان نییە، لەسەر ئەو بابەتانەی، کە لاسایی دەکەنەوە یان لە شیعرەکانیاندا باسییان دەکەن، بۆ نموونە "هومیر" کاتێك باسی جەنگ و شەڕ دەکات خۆی هیچ زانیارییەکی  دەربارەی تەکتیکی جەنگ و پلانی سەربازی نییە، یان کاتێك باسی پزیشکی دەکات هیچ سەرچاوەیەکی تایبەت بە پزیشکی نەنووسیوە،... بۆیە شاعیرەکان وەك نافورەی ئاون ئەوە دەپژێنن، کە بۆیان دێت)(ماضی، ص٢٥). لەگەڵ هەموو ئەمانەش ئەفلاتوون لەسەر بابەتێکی تری ڕەوشتی و دەروونی دەوەستێت، لەو ڕێگەیەشەوە باس لە کاریگەرییە نەرێنییەکەی دەقی شیعری دەکات، چونکە ئەفلاتوون لە فەلسەفەکەی خۆیدا، بۆ بنیاتنانی کۆمار و یۆتۆپیاکەی زۆر جەختی لەسەر بنەمای ڕەوشت و چاکە کردووەتەوە، بۆیە دەبینین، (ئەو لاوەی کە ئەفلاتوون دەیەوێت بیکات بە سەرپەرشتیاری یۆتۆپییایەکەی دەبێت کۆمەڵێك سیفەتی فکری و ئەخلاقی هەبێت و ئەم لاوە دەبێت دادپەروەر بێت، میهرەبان و خوازیاری فێربوونی زانست و خاوەن بیرێکی بەهێز و ڕوحییەتێکی هاوسەنگ بێت)(ڕاسێل، ٢٠١١، ل٢٢٨). بە بڕوای ئەفلاتوون کەسایەتی شاعیر لەو بنەما ڕەوشتییانە دوورە نەك هەر ئەوەندە، لەبەر ئەوەی، کە شاعیر مامەڵە و سەودای لەگەڵ هەست و


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

سۆزەکاندایە، بۆیە مەترسی ڕەوشتیشی بۆ سەر تاکەکانی تری ناو کۆمەڵگادا هەیە، لەبەر ئەوەی (شاعیر هەڵدەستێت بە زیندوو کردنەوە و وروژاندنی سۆزەکانی مرۆڤ، بنیاتنانی تاکێکی سۆزدار، بەمەش لە بەکاربردنی عەقڵ دووریان دەخاتەوە، لەجیاتی ئەوەی، کە سیفەتی سۆزداری لە تاکەکانی ناو کۆمەڵگا دووربخاتەوە، بە ئەرکی پێچەوانەی ئەمە هەڵدەستێت)(ماضی، ص٢٥). بەپێی بۆچوونی ئەفلاتوون شاعیر خۆی کەسێکی هەستییە و لە ژێر کاریگەری سۆزەکانی دایە، هەرگیز ناتوانێت مرۆڤێکی عەقڵانی و بە ڕەوشت بنیات بنێت، کە کۆمەڵگا بپارێزێت، (کەواتە شیعر شتێکی بێکەڵکە بە تایبەتی شیعری درامی لەبەر ئەوەی ئەو چێژەی لە شانۆدا هەستی پێ دەکەین، چێژێکە ئازاری لەگەڵدایە بەمەش شاعیرەکە بینەر چەپەڵ و ترسنۆك و عاتیفی دەکات)(بەرزنجی، ل١٧). بەڵام هەڵاوێردێك بۆ شیعری داستانی لیریکی دەکات بە سیفەتی ئەوەی کە (ئەم جۆرە شیعرە هاندان و ستایشی پاڵەوانەکان و خواوەندەکان لەخۆی دەگرێت، هەستی بەرگری و کاریگەربوون بە پاڵەوانەکان و خواوەندەکان زیاتر دەکات)(عثمان، ٢٠١٦، ص١٣٥). ئیتر ئەفلاتوون بەشێوەیەکی گشتی شێوازی بیرکردنەوەی جۆراوجۆر بۆ هەڵدێرانی ئەدەب و هونەر بەکاردێنێت، لەسەر ئەم بنەما و چەمك و مەسەلانەی، کە ئەفلاتوون لێکدانەوەی بۆ کردووە دەقی شیعری وەك بەرهەمێکی ناپێویست بۆ کۆمەڵگا دادەنێت و هیچ جێگایەکیش بۆ شاعیرەکان ناکاتەوە لە ناو کۆمارەکەی خۆیدا.

بەشێك لەو چەمکانەی، کە ئەفلاتوون بە مەبەستی پەراوێز خستنی ئەدەب و هونەر لێکدانەوەی بۆ کردوون، لێك نزیکنین، هاوکاری یەکتر ناکەن بۆ سەلماندن و پشت ڕاستکردنەوەی تێڕوانینی یەکتری، تەنانەت ئەگەر سەیر بکەین دەبینین، کە هەندێك لەو مەسەلە و چەمکانە دژی یەکتری دەوەستنەوە و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، بۆ نموونە چەمکی لاساییکردنەوە و چەمکی ئیلهام، کە بوون بە دوو تیۆری جیاوازی وەك تیۆری لاساییکردنەوە و تیۆری ئیلهام، کە بنەماکانیان زۆر دوورن لەیەکترییەوە، (ئەفلاتوون بێئاگا بووە لەوەی، کە ئەم بیرۆکەیەی لاساییکردنەوەی لەبارەی شیعرەوە پێچەوانەی بیرۆکەی ئیلهامی شیعرییە، چونکە لاساییکردنە پێویستی بەهەوڵدان وخۆماندووکردنە لەبەر ئەوە خودی بیرۆکەی لاساییکردنەوە داننانە بەوەی، کە دەقی شیعری بە شێك لە سنعەتکاری تێدایە)(خەلیل، ٢٠١٧، ل٢٢). لاساییکردنەوە بە هەموو کەم و کوڕییەکانییەوە پرۆسەیەکی سادە نییە، بەڵکو پێویستی بە ژیری و تەرکیز و ئاگایی مرۆڤەوە هەیە بۆ وەرگرتنی وێنە و نموونە دەرەکییەکان و گواستنەوەیان و هەڵگرتنیان لەمێشکدا و توانای دووبارە گەڕاندنەوەیان. بەڵام ئیلهام وەك ئەوەی، کە سوقرات ئاماژەی پێکردووە هیچ توانا و لێزانینێکی ناوێت، تەنیا خوا پێدانێکە و بەس. کاتێکیش جیاوازی لە نێوان شیعری داستانی و درامی دەکات، دان بە شیعری داستانی دادەنێت، دیسان ئەمەش دژی ئەو بۆ چوونەی دەوەستێتەوە، کە پێی وایە دەقی شیعری بەهەموو جۆرەکانییەوە دەکەوێتە ناو بازنەی لاساییکردنەوە و بازنەی لاساییکردنەوەش لای ئەفلاتوون جێگەی قبوڵ کردن نییە، چونکە هۆکاری شێواندنی حەقیقەتە، شیعری داستانیش هەر سەر بە جیهانی لاساییکردنەوەیە، لە کاتێکدا ئەفلاتوون جیاکاری و هەڵاوێردی بۆ هیچ جۆرە لاساییکردنەوەیەك نە کردووە، کەواتە ئەگەر لاساییکردنەوە حەقیقەت بشێوێنێت ئەوا شیعری داستانیش هەمان ئەرك دەبینێت، ئەی بۆچی دان دەنێت بەم جۆرە شیعرە؟ بۆیە لە ئەنجامی شیکردنەوەی هەموو ئەو بنەما و چەمکانەی، کە ئەفلاتوون دەربارەی دەقی شیعری پێشکەشی کردوون، ئەوە دەبینین، کە تەفسیرو ئاراستەی تریان لێ دەبێتەوە، کە دەتوانین جارێکی تر لەو تەفسیر و ئاراستانەوە بۆ چییەتی سروشتی دەقی شیعری بگەڕێنەوە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## بەشی دووەم

## پێوانەکردنی دەقی شیعری لە کرمانجی خواروودا، بە پێی بۆچوونە تیۆرییەکانی ئەفلاتوون

تیۆری لاساییکردنەوە یەك ئاراستەی کارو بیرکردنەوەی لەخۆ نەگرتووە، بەڵکو بۆچوونی تیۆری جیاواز و چەمك و ئاراستەی بیرکردنەوەی جۆراوجۆری لەخۆ گرتووە، ئەمەش بۆ گۆڕانی ئەدەب و تێڕوانینی تیۆریست و جیاوازییەکانی چییەتی سروشتی دەق دەگەڕێتەوە لەژینگەیەکەوە بۆ ژینگەیەکی تر و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر. هەروەك پێشتر ئەوەمان خستووەتەڕوو، کە بارودۆخی دەقی شیعری وەك ژینگە و سەردەمی سەرهەڵدانی دەقی شیعری، ئاراستەو بۆچوون و چەمکی تیۆری لە ناو تیۆری لاساییکردنەوەدا بەرهەمهێناوە، کە خواست و پێویستی قۆناغ و ژینگەی جیاواز بووە، بۆ پێوانەکردن و خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی سروشتی دەقی شیعری و وەمەڵامە تیۆرییەکان. لەبەر ئەوەی دەقی شیعری یاخود بڵێین بەرهەمی داهێنراو هەمیشە لە دۆخی جوڵە و گۆڕاندایە، تایبەتمەندی ژینگەیی و زەمەنی و کەسی بەسەر سروشتەکەیدا زاڵە و کۆنترۆڵی دەرکەوتەکەی دەکات، بۆیە پێوانەکردن و خوێندنەوەی دەقی شیعری بە تەرازووی ئاراسەتیەکی تیۆری تایبەت بە ژینگە و قۆناغێکی دیاریکراوی ناو تیۆری لاساییکردنەوە، مەرج نییە هەمان خوێندنەوە و وەڵام و ئەنجام بدەن بەدەستەوە، کە پێشر بە دەقی شیعری ئەم قۆناغەیان بەخشیووە، لەبەر ئەوەی تیۆر سیفەتی گشتی هەیە، بۆیە بە پێی سەردەم و تایبەتمەندی نەتەوەیی چەمکی لاساییکردنەوە ئاراستە و مەفهوومی تری لێ دەکەوێتەوە بۆ خۆیندنەوەی دەقی ئەدەبی دیاریکراو.

پێوانەکردنی دەقی شیعری قوتابخانەی کرمانجی خواروو، بەپێی بۆچوونە تیۆرییەکانی ئەفلاتوون و ئەو چەمکانەی لەمەڕ دەقی شیعرییەوە پێشکەشی کردن، خاسییەت و مەفهومی زەمەنی و ناوچەیی وەردەگرێت، چونکە دەقی شیعری لە ئەدەبیاتی یۆنانی سەردەمی ئەفلاتوون و کرمانجی خوارووداا، هۆکارو پاڵنەر و دۆخی کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسی جیاواز و لێك دووریان هەیە بۆ سەرهەڵدانی دەق و بەرهەمهێنانی بەرهەمی ئەدەبی، بۆیە دەشێت خوێندنەوە و پێوانەکردنی شیعر لە کرمانجی خوارووداا، بەپێی چەمکە تیۆرییەکانی ئەفلاتوون بەپێی ئەو زەرفە تایبەتییەی، کە ئەم قوتابخانە شیعرییە هەیەتی مەفهووم و خوێندنەوەی ترمان پێ ببەخشن، ڕاستە چەمك و ئاراستە تیۆرییەکان لە ڕووی مێژوویەوە و ڕابوردن و جێگیربوون، بەڵام لێکەوتەو خوێندنەوەی ئەم ئاراستە و چەمکانە گۆڕاو و ڕێژەیین، بەهۆی گۆڕانی دەق بە فاکتەری زەمەنی و ژینگەیی و بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی وەڵام و خوێندنەوە و ئەنجامی تر لەم چەمکانە دەبێتەوە. ئەوچەمکە تیۆرییانەی، کە ئەفلاتوون جەختی لەسەر کردەوە وەك "لاساییکردنەوە، ڕەوشت، ڕاستگۆیی، سۆز، زانیاری، ئیلهام"، بۆ قسەکردن لەسەر شیعر و شاعیران، کردوونییە بنەمایەك بۆ بڕیاردان لەسەر بەهای دەقی شیعری و بەهۆیانەوە ویستوویەتی کاریگەری نێگەتیفی شیعر بسەلمێنێت، بەڵام ئەم بنەمایانە یان کاریگەری ئەم بنەمایانە لە سەر دەقی شیعری بەپێی سەردەم و ژینگەی کۆمەڵایەتی گۆڕانی بەسەر دادێت و لەبەر ئەوەی بەهای ئەم بنەمایانە ڕێژەیین و ئەگەر لێکەوتەکانی بە نێگەتیف دادەنرێت، لە هەندێك ژینگەدا ئەوا هەمان لێکەوتە تەفسیری پۆزەتیفی بۆ دەکرێ لە دوخ و شوێنی تردا، بۆ نموونە دەقی شیعری کوردی لە کرمانجی خوارووداا، فاکتەری تێکدانی ڕەوشت و لێکەوتەی سۆزدارکردنی نێگەتیڤانەی تاك نییە، یاخود بلێین لە تێڕوانینی کۆمەڵگای ئێمە و یان ناوەندی خوێندەواری ئێمەدا، دەقی شیعری لە ژێر چەمکەکانی ڕەوشت و سۆز و ئیلهام و توانای شیعری بە پێچەوانەوە خوێندنەوەی ئەرێنی بۆ دەکرێت.

ئەو چەمکانەی، کە ئەفلاتوون لەژێر تەفسیریانەوە خوێندنەوەی نەرێنی بۆ دەقی شیعری پێشکەش کرد، بە ئاراستەیەکی فەلسەفییانەی دابرد، لە پێناو خزمەتکردن و لەبەرچاوگرتنی پێویستی بارودۆخی ژینگەیی و سیاسی کۆمەڵگای ئەوکات دابوو، لەبەر ئەوە دەشێ هەمان چەمك بە ئاراستەیەکی تر و لە سەردەم و کۆمەڵگایەکی


e-ISSN (2522-7130)  p-ISSN (2410-1036)

تردا، تەفسیر و خوێندنەوەی تری بۆ بکرێت و بە پێی پێویستی ئەوکات لێکەوتەی ئەرێنی هەبێ، واتە ئەو بنەمایانەی ئەفلاتوون جەختی لەسەر کردەوە و شیعری پێ پێوانەکرد و دواتر بڕیاری نەرێنی لەسەر ئەدەب و هونەر بەگشتی لێکەوتەوە، لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵگای ئێمەدا کلتور و تێڕوانین بۆ چەمکەکان و بەهای ڕەوشت و کەرەستەکان و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و شتەکانی تر دەگۆڕێن، بۆیە دەکرێ تەفسیر و خوێندنەوەی تر بۆ هەمان ئەو چەمك و بنەمایانە بکرێن بە ئاراستەی بەهادارکردنی ئەدەب و هونەر بەمەش پەسەندێتی دەقی شیعری لێبکەوێتەوە.

بۆیە دەکرێ لێرەدا چەند پرسیار بوروژێنین، لەوانە: ئایا لاساییکردنەوە، دەقی شیعری کرمانجی خوارووی بێ بەها کردووە؟ لاساییکردنەوە لە شیعری کرمانجی خوارووداـ تەنیا لە هەنگاوی سێیەمدایە، ئەوەی کە ئەفلاتوون ئاماژەی پێکردووە؟ لەم بڕگە و باسانەی خوارەوە بەپێی پێویست وەڵامی ئەم پرسیارە تیۆرییانە دەدەینەوە.

## بەهای شیعری کرما نجی خواروو لە ژێر چەمکی لاساییکردنەوەدا

بەر لە هەموو شتێك دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین، کە ئەفلاتوون لە پێناو فەلسەفە و درككردن بە حەقیقەت، لە بەرگێکی ناشایستە و سەلبی سەیری پرۆسەی لاساییکردنەوەی دەکرد، لە چوارچێوەی ئەو هەڵومەرجە فەلسەفییەی لەو ژینگە و سەردەمەدا بوونی هەبووە، بەپێی میتۆدێکی فەلسەفی قسەی لەسەر حەقیقەت و دیاردەکان کردووە، لەناو ئەم فەلسەفەیەدا لاساییکردنەوە ڕەتدەکاتەوە، بەوەی لە حەقیقەت دوور دەکەوێتەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەی، کە ئەفلاتوون لەپێناو بێ بەهاکردنی لاساییکردنەوە خستوویەڕوو، هەرچۆنێك بێت لاساییکردنەوە، با بە ڕەهایش نەبێ ئەوا نوێنەرایەتی حەقیقەت دەکات و ڕەگەز و بوعدی ئەو حەقیقەتە لەخۆی دەگرێت.

بۆیە لاساییکردنەوە لە دەرەوەی بازنەی فەلسەفەدا، هەر تەنیا بریتی نییە لە کارێکی بێ بەها و میکانیزمی شێواندنی حەقیقەتەکان، مەفهوومی لاساییکردنەوە لە ناو ئەدەب و ئەدەبیاتناسیدا جیاوازە لەوەی، ك لە فەلسەفەدا هەیە، هەروەها لەو تێگەیشتنە باوەش جیاوازە، کەخەڵکی ئاسایی لێی تێگەیشتوون، لەناو ئەدەب و ئەدەبیاتناسیدا، لاساییکردنەوە پرۆسەیەکی دابڕاو نییە لە داهێنان و بیرکردنەوە و چالاکی عەقڵی و دەروونی تاکەکەس، بە هەنگاوی یەکەمی داهێنان و دەروازەی خۆ دۆزینەوەی نووسەر و شاعیر لەقەڵەم دەدرێت، بۆیە دەقی شیعری لە ئەدەبی کوردیدا، بەشێوەکی گشتی و قوتابخانەی کرمانجی خواروو بەتایبەتی هەرچەندە مەحکومە بە چەمکی لاساییکردنەوە بەڵام بەهای دەقبوون و شیعریەت و ئیستاتیکای خۆی لە دەست نەداوە، لەبەر ئەوەی ئەو ژینگە ئەدەبیاتناسی و زانستی و فەلسەفییەی لە کلتووری یۆنانی سەردەمی ئەفلاتوون هەبووە و چاوەڕوانی حەقیقەتی زانستی و فەلسەفی لە شاعیران دەکرد، هەمان ژینگە بەشێوەیەکی گشتی لە ڕۆژهەڵاتدا نەبووە، بەتایبەتی لە ناوەندی خوێندەواری و ڕۆشنبیری میللەتی کوردا نەبووە، ئەوەی هەبووە ژینگەیەکی ئەدەبی داهێنراوی شیعری و واتە ژینگەیەکی شیعری گوزارشتکەر لە حاڵەت و پێکهێنە دەروونییەکان بوونی هەبووە، ئەمەش تا زیاتر پابەندی سۆز و لاساییکردنەوەی سروشت و پێشینان و نموونە باڵاکان بێت، ئەوا شایستەیی و پەسەندی زیاتری وەرگرتووە. بۆیە دەبینین شیعری قوتابخانەی کرمانجی خواروو لەچەند ڕوویەکەوە دەکەوێتە ژێر پرۆسەی لاساییکردنەوە وەك لاساییکردنەوەی سروشت، کە ئەفلاتوون جەختی لەسەر کردووتەوە، هەروەها لاساییکردنەوەی پێشینان و شاعیرە باڵاکانی ئەدەبیاتی ڕۆژهەلات و شاعیرانی کورد. بەم شێوەیە:

### یەکەم:. لاساییکردنەوەی سروشت


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەگەر لاساییکردنەوەی سروشت لای ئەفلاتوون بریتی بێت لە دوورکەوتنەوەی حەقیقەت لە جیهانی ئایدیا و ئەگەر دەقی شیعری بەمە خۆی لە هەنگاوی سێیەمدا دەبینێتەوە، کە هەنگاوێکی لاوازە بۆ درککردن بە حەقیقەت، ئەوا لە شیعری کرمانجی خواروودا، لاساییکردنەوەی سروشت دەقی شیعری بەهادارتر و هونەری تر کردووە، چونکە لەڕاستیدا لێرە چاوەڕوانی درککردن و دۆزینەوەی حەقیقەت و باسکردنی حەقیقەت لە شیعر نەکراوە وەك ئەو چاوەڕوانییەی لە فەلسەفە کراوە، یاخود چاوەڕوانی لاساییکردنەوەیەکی ڕووتی سروشت لە شاعیر نەکراوە، بەڵکو لەو پرۆسەیەدا ئەو چاوەڕوانییە لە شاعیران دەکرێت، کە تاچەند دەتوانین توانا و لێهاتوویی و داهێنانی خویان تێدا بخەنەگەڕ.

دەقی شیعری لە ڕێگەی وێنەی شیعرییەوە، هەڵدەستێت بە دووبارەکردنەوەی کەرەستە و دیاردە و جوڵە و وێنەکانی ناو سروشت لە چوارچێوەیەکی هونەری و فۆڕمێکی ئیستاتیکیدا، کە سەرەڕای جوانی سروشتەکە ئەوا بەشێك لە جوانی تریشی تێکەڵ دەبێت، بەهۆی هونەرەکانی شیعر و کێش و سەروا و مۆسیقا و هونەرەکانی ڕەوانبێژی و وشەچنین و ئیستاتیکاوە، بۆیە لاساییکردنەوەی سروشت بریتیی نییە لە دووبارە کردنەوەیەکی ڕووتی بێ کاریگەر و دوور لە جوانی، بەڵکو وروژێنەر و چێژ و جوانی و سود و زۆرشتی تریش بەیەکەوە دەبەستێتەوە. بۆیە ناوەندی ڕۆشنبیری و فکری کوردی و خوێنەری کورد، چاوەڕوانییەکی هونەری و ئیستاتیکی لە دەقی شیعری دەکات نەك قوڵبوونەوەیەکی فەلسەفی، بەمەش لێکەوتەی سەرەکی دەقی شیعری کرمانجی خواروو بریتی دەبێت لە تێرکردنی چێژی خوێنەر و هەستی ئەدەبییانەی تاك، خستنەڕووی بارودۆخە دەروونییەکان و خۆ دیتنەوەی خوێنەر لەم حاڵەتە دەروونییانە، ئیتر خوێنەر لەم چوارچێوەیەدا پێشوازی لە دەقی شیعری دەکات نەك وەك زانستێکی ئەبستراکت، کە ڕۆڵی دۆزینەوەی حەقیقەتێکی مادی و فیزیکی هەبێ، چونکە دەقی شیعری دوور لە زانستە ڕووتەکان بە مادە و دیاردەکانی سروشت شۆڕدەبێتەوە، یەکەم هەنگاوی دەقی شیعری ئەوەیە، بۆچوون و شیکردنەوەی زانستی لە سروشت و دیاردەکان دابماڵێت و تەفسیر و لێکدانەوەی هونەری و ئیستاتیکیان لەبری دابنێت. ئەمە خاسییەتێکی جەوهەرییە لە ئەدەبدا، ئەم خاسیەتەش لە شیعری کرمانجی خواروودا، بەها و بوونێکی گەورەی هەیە، ئەگەر لە وێنەی شیعری  شیعرەکان بڕوانین ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە وێنەی شیعری دەرئەنجامی تێڕامان و قوڵبوونەوەیە نەك دووبارەکردنەوەیەکی ئاسایی و لاساییکردنەوەیەکی بێ ماندووبوون، شاعیر وەکو داهێنەرێك ڕێژەیەکی زۆری توانای خۆی لەم بوارەدا خستۆتە کار، ڕامان و وردبوونەوە و هەستی جوانناسی خۆی لەگەڵ دیاردە جۆر بەجۆرەکانی ژیان و دیمەنە سروشتییەکان و مادەکانی گەردوون تێکەڵ بە بنەما هونەرییەکان کردووە بەمەش بە ئەرکی داهێنەرانە هەڵساوە، لەهەمان کاتدا ئەم دیاردەو دیمەن و مادانە وەکو سەرچاوەی دنیابینی و ئالییەتی بەکارخستنی لایەنە دەروونی و عەقڵییەکانی شاعیر کاریان کردووە، لە چۆنییەتی گوزەرکردن و کاریگەری دیاردە جۆربەجۆرەکانی ژیان و دیمەنەکانی سروشت و کەرەستەو مادەکان مرۆڤی ئاسایی لە شاعیر جیادەبێتەوە، سروشت بەلای شاعیرەوە دەکەوێتە ژێر فۆکسی تێڕامان و وردبوونەوە و ئاوێتە بوون لەگەڵ حاڵەتە دەروونییەکان، ئەمەش لە تایبەتمەندی کەسایەتی داهێنەردا، بە ئاسایی دەکەوێتەوە چونکە ئەم کارە سەرچاوەیەکە بۆ لاساییکردنەوەیەکی بەرهەمدار و دروستکردن و نەخشاندنی وێنەی شیعری و داهێنان لای شاعیر، لە دەرئەنجامی ئەم کارلێکە ڕەگەزی نوێ دێتە بەرهەم.

هەر بۆیە دەبینین شاعیر بە پێی پێویستییە دەروونییەکانی خۆی لە لاساییکردنەوەی دیاردەو دیمەنەکانی سروشت و کەرەستەکان بابەتی تری هونەری و ژانری تر و  وێنە و تابلۆی تری بەرهەم هێناوە، لە ئەنجامدا مانا و وێنەیەکی نوێ لە هەناوی شتەکان دەدۆزرێتەوە و داهێنانی لێ دەکەوێتەوە، ئەگەر سەیری فیزیکییەتی کەرەستەکان و حەقیقەتی سروشت و دیاردەکان بکەین، لەگەڵ هەمان سروشت و ئەو دیاردەو کەرەستانەی، کە لە دەقی شیعری و


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

وێنەی شیعریدا بەرجەستە بوونە، ئەو ڕاستییە تیۆرییەمان لەسەر لاساییکردنەوەی سروشت بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە سروشت بە فلتەرێکی گەورەی هونەری و مەجازی و ئیستاتیکی دا دەڕوات لەلای شاعیر بۆ ئەوەی وێنەی شیعری نوێ بەرهەم بێنێت. هەروەك لەم پارچە شیعرەی "نالی"دا دەبینین، کە دەڵێت:

**گەرمی و تەڕیی بەهارە کە پشکۆ کوژایەوە**

**پشکۆی گوڵ ئاتەشین بە نە سیم بو گەشایەوە**

**لالە کە مەجمەرێکە بە با خۆش و گەش دەبیٚ**

**ناوی, کە پر خەڵوزە, بە شەبنم گەشایەوە**

..... تادەگاتە

**"نالی" بەداوە شەعری دەقیقی خەیاڵی شیعر**

**بۆ ئەو کەسەی کە شاعیرە صەد داوی نایەوە** (نالی، دیوان، ١٩٧٦، ل٥٤٨ ـ٥٥٥)

لێرەدا ئەگەر ئەم پارچە شیعرەی نالی وەك نموونەیەك بخەینەڕوو، کە هەموو باسکردنە لە سروشت و خۆی لە وەسفی وەرزی بەهاردا، دەبینێتەوە، تابلۆیەکە لە سروشتی بەهار و شاعیر لە ڕێگەی چەندین وێنەی شیعرییەوە دیمەنەکانی بەهاری دووەممان بۆ دەکێشێت بەواتەیەکی تر و بە مەفهوومی ئەفلاتوون لاسایی گوڵ و دیمەنەکانی بەهاری کردووەتەوە لە هەنگاوی دووەمدا، دوای ئەوەی کە سروشت لاسایی بەهاری جیهانی ئایدیای کردووتەوە، ئیتر وێنەکانی بەهاری ناو ئەم دەقە دەبێتە بەهاری سێیەم، کە ئەفلاتوون پێی وایە لێرەدا بەهار حەقیقەتی خۆی لەدەست دەدات، ئەم حەقیقەتەش لە ڕێگەی فەلسەفە و زانستەوە دەستەبەر دەکرێت، بەڵام وەك پێشتر وتمان ئەدەب سەرەتا حەقیقەتی زانستی لەبەر دیاردەکان دادەماڵێت و لەسنوری هەستەکانی مرۆڤ و لە بەرگێکی هونەری و ئیستاتیکیدا، شتەکان بەمرۆڤ دەبەخشێتەوە، بۆیە ئەو بەهارەی نالی بۆمان باس دەکات لە دەرەوەی باسکردنی ڕووتی زانستی گەردوونی و جوگرافی و ڕووەکناسییەوەیە و مولزەمە بە قوڵبوونەوەی هونەری نەك فەلسەفی، هەر بەم هۆیەشەوەیە، کە ئەرکی ئەدەبی و هونەرییانەی خۆی جێ بەجێ دەکات.

لێرەدا شاعیر لە چوارچێوەیەکی هونەری وەك وێنەکێش وێنەی سروشت دەکێشیتەوە بەجۆرێك، دوای ئەوەی کۆمەڵێك کەرەستە و دیاردە و وێنەی سروشتی بەهار وەك " گوڵ و خونچە، پشکوتنی گوڵ، ڕووەك، ئاو، با، ڕۆژو شەو، خۆر و مانگ،....تاد" لە سروشتەوە ئەخاتە ناو خەیاڵی خۆی بۆ مەبەستێکی شیعری، هێزو توانای خەیاڵ فراوانی شاعیر هەڵدەستیٚ بە دروستکردن و داتاشینی وێنەی شیعری، ئیتر ئەم سروشتە لە قاڵبێکی ئەدەبی و هونەری خۆی دووبارە دەکاتەوە، کە بنەمای هونەری و ئیستاتیکی تێکەڵ کراوە، ( لێرەدا وێنەی دەیانجاری بیستراوی "خۆرو مانگ و شەو و ڕۆژ و ڕوو برۆ" دێتە بەردەستمان بەڵام هەرگیز هەمان چێژی جوانی نابەخشن کە لە دەقی تردا بەخشیویانە، چونکە شاعیر لێرەدا لە ڕێگای ئەندێشەوە وێنەیەکی تری لیٚ درووستکردوون)(مەولود، ٢٠٠٩، ل٦٢). ئیتر لە دەقی شیعریی هەر شاعیرێك ئەوە دەبینین، کەرەستەیەك یان دیمەنێك بۆ چەندین جار بەکار هاتووە شاعیر دەیان جار لاسایی کردووتەوە، بەڵام لە دنیای خەیاڵی خۆیدا شاعیر هەرجارەو لە بەرگ و وێنەیەکی تری شیعری کەرەستەکان دادەڕێژێتەوە، وەك ئەوەی کە بە فڵچەو قووتوویەکی بۆ یاغ چەندین تابلۆ بکێشی کە هەریەکیان خاوەنی جوانی تایبەتی خۆی بێت و هەریەکەیان چێژی خۆی ببەخشیٚ، لە کاتێکدا هەموویان بە هەمان فڵچەو بۆیاغ دروستکراون. بۆیە لاسایی کردنەوەی شتەکان لای شاعیر هەروا لاساییکردنەوەیەکی ئەبستراکت نییە، بەڵکو پرۆسەکە بریتییە لە بنیاتنانەوەی وێنەکان بەر لە پرۆسەی لاساییکردنەوە، ڕامان و سەیرکردنی هونەرمەندانەی شاعیر هەیە، کە باگراوەندەکەی بە کۆمەڵێك توانای تر ڕەنگ کراوە، وەك "تێبینی کردن و لەبری دانان و پرسیارو لێکدانەوەو بەهێما کردن....تاد" هەر بۆیە شتە سادەکان و دیاردەکانی ناو سروشت و مادەکانی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ژینگە هەموویان جێگای تێڕامانی شاعیرن، ئەگەر لاساییکردنەوەی شتەکان لای خەڵکی ئاسایی هەر لە قاڵبی سادەی خۆیان وربگیرین، ئەوا لای شاعیر هەر لەو قاڵبە سادەییەدا نامێنێتەوەو لە ژێر ڕامان و بیرکردنەوەی داهێنەرانە لاساییکردنەوەی هەمان ئەو شتە سادەیە شتی تری دەکرێت بە بەردا، ئەم خاسیەتەش لە دەقی شیعری کوردیدا، بەرچاو دەکەوێت. بۆ نموونە کاتێك نالی لەم دێڕەدا دەڵێت:

**گوڵ بەدەم بادی صەباوە پێکەنی یەعنی وەرە**

**تۆ لە وەصلم بۆ بەرە، ئەو بۆیە بولبول شین دەکا          (نالی، دیوان، ل١١٣)**

لێرەدا دەبینین نالی باس لە دیاردەیەکی سروشت دەکات و وێنەی ئەم دیاردەیە دەکێشێت، بە لاسایی کردنەوەی دیاردە و دیمەنی بەرکەوتەی با و گوڵ و بولبوول و خوێندنی بولبوول وێنەیەکی شیعرییمان بۆ دروست دەکات، واتە دیاردەی فڕینی بولبوول لەسەر گوڵ و کرانەوەی پەڕەی گوڵ بە هۆی باوە لەسروشتدا، سەرنجی هونەرییانەی شاعیری بۆ لای خۆی کێش کردووە، شاعیر بەهۆی توانای شاعیری خۆەیەوە ناهێت لاساییەکی ڕووتی ئەم دیمەنە بکاتەوە بەڵکو بەرگێکی هونەری ئەکا بەبەر ئەم دیاردەیە، بەهۆیەوە مەبەست و تەعبیرێکی تایبەتی خۆی پێ بەیان دەکات، نالی فرینی بولبول لەسەر گول بەهۆکاری توڕەبوون و دڵشکانی بولبوول دەبەستێتەوە لە خۆشەویستەکەی کە گوڵە، لەبەر ئەوەی کاتێك با هەڵ ئەکات و بەر گوڵەکە ئەکەوێت گوڵ پەرکانی دەکرێنەوە و دەگەشێتەوە، ئەم کرانەوەیە لای بولبوول بە پێکەنین و ڕەزامەندانەی گوڵ بۆ بەستنی پەیمانی خۆشەویستی لەگەڵ بادا لێك دەداتەوە، وەك دەڵێن "پێکەنین سەرەتای بەستنی پەیمانی خۆشەویستییە"، بۆیە بولبوول لەم کاتەدا دڵی لە گوڵ دەشکێ و بەجێی دەهێڵێ و دەست دەکات بە فرین، نالی کاتێك دێت لەناو دێڕە شیعرێکدا، لاسایی ئەم دیاردەیە دەکاتەوە، دەیەوێت لە ناو بەرگێکی ئیستاتیکیدا، گوزارشت لە سیفەتێکی ناپەسەندی وەك بێ وەفایی بکات لە مەسەلەی عەشقدا، بەڵام خودی دیاردەکە لە سروشت و واقیعدا، کە (نیشتنی بولبول بەسەر دەرخت و گوڵەوە پێویستییەکی ژیانی ڕۆژانەی ئەم زیندەوەرەیەو هەڵکردنی باش هۆکاری زانستی و جوگرافی خۆی هەیە لە ئەنجامی پاڵە پەستۆی هەوای دژ دروست ئەبێ، وە کاتێکیش ڕووەو ئاراستەی گوڵەکە ئەچێ بەهۆی هێزی ئەم بایە پەڕەکانی گوڵ ئەکرینەوە ئەمەش لە ڕووی زانستییەوە شتیکی ئاساییە چونکە هەرشتێك سیفەتی لاستیکی هەبێ کاتێك هێزیك کاری تێ بکات ئەکەوێتە جوڵە، بەمەش هەم پەڕەکانی گوڵ لێك ئەبنەوەو هەمیش ئەو قەدە باریکەی کەوا بولبوولەکەی بەسەرەوەیە ئەکەوێتە جوڵەو بەمەش مەترسی کەوتنی بولبوولەکە هەیە بویە بولبوولەکە ئەو شوێنە جێ دێڵێت)(مەلازادە، ٢٠١٦، ل١١٣)، ئیتر ئەم لاساییکردنەوەیە، کە تەنیا گوزارشت بێت لە حەقیقەتە زانستییەکە، ئەوا ئامانجی ئەدەبی و هونەرییانەی خۆی جێبەجێ ناکات و پەیامی دەروونی شاعیر ناگەینێت و چێژ و هەستی جوانناسی خوێنەریش تێرناکات، بۆیە لێرەدا لاساییکردنەوەی ئەم دیاردەیە بەهای خۆی لە تێکەڵ بوون بەمەبەست و خاسییەتە هونەرییەکانی تر وەردەگرێت. لەم وێنە شیعرییانەی، کە مەحوی لەم دەقەدا بەرجەستەی کردووە، سروشتێکی تر دەبینین، کە دەڵێت:

**شنەی بادی بەهاری هاتەوە خۆشی لە تۆ بولبول**

**بەشایی هاتی گوڵ کۆکی کە سازی چەهچەهە و غولغول**

**چەمەن هەر سەروو نەسرینە لە تەرزی خوابگەی شیرین**

**سەری کێوانە یەکسەر وەك کەناری کۆهکەن هەرگوڵ**

**تادەگاتە.....**

**زەمانی لالە بۆ حەیرانە حاڵی بۆ پەریشانە**

**لە سوسەن دەفکرم "مەحوی" لەوەزعی نێرگس و سونبول      (مەحوی، ١٩٨٤، دیوان، ل٢٠٤-٢٠٦)**


e-ISSN (2522-7130)        p-ISSN (2410-1036)

لێرەدا سەرەڕای ئەوەی، کە مەحوی وێنەی ژینگەیەکی بەهاری دەکێشی و باس لە بەهاری حەقیقی ناو سروشت دەکات، با وێنەکێشانەکەشی ڕەهاییانە نەبێ، ئەوا شاعیر بەهارێکی تر لە وشە و مەبەست و هونەرەکانی تری شیعری دروست دەکات، کە ئەو بەهارە پێش بەهارەکەی ناو سروشت دەبێتە جێگەی ڕامان و چێژی خوێنەر، لێرەدا مەسەلەی دال و مەدل و مەجاز و ئیستاتیکا دەبێتە جەوهەر و ناسنامەی دەقەکە نەك حەقیقەتە ڕووتەکە، بۆیە چەقی قورسایی چاوەڕوانی شاعیر و خوێنەریش هەر لەم چوارچێوەیەدابە یەك دەگەن و یەکتر قبووڵ دەکەن.

یان ئەگەر سەیری ئەم قەسیدەیەی حاجی قادری کۆیی بکەین، بەهەمان شێوە، کە بریتییە لە لاساییکردنەوەی سروشت و وێنەکێشانی سروشتی بەهار و ئاوێتەکردنی لەگەڵ هونەر و هەست بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی، هەروەك دەڵێت:

**گوتم بە بەختی خەواڵوو بەسە ئەتووبێ خودا**

**لەخەوهەڵستەزەمانێ بچینەوە ئەو لا**

**گوڕەی بەهاریە ئێستێکە شاخ و داخی وولاّت**

**پڕە لەلالەو و نەسرین و نەرگسی شەهلا**

..... تادەگاتە

**گەلێ قسەم لە دلا بوو، حیکایەتم مابوو**

**کەچی بەختی کەچم خامە نووکی لێرە شکا (حاجی قادری کۆیی، ١٩٨٦، ل٣١ ـ٣٧)**

لێرەدا حاجی لەم قەسیدەیەدا، لە ڕێگەی لاساییکردنەوەی کەرەستەکانی سروشت و دیاردە گەردوونییەکان و دیمەنەکانی بەهار، دەیان وێنەی شیعری بنیات دەنێت بۆ مەبەستی وەسفکردنی شتێك یان گوزارشتکردن لە هەستێکی دەروونی و دەرخستنی خۆشەویستی خۆی بۆ نیشتیمان و یادکردنەوەی هاوڕێ و شانازی کردن بە بوونییەوە، ئەگەر دیمەن و دیاردە گەردوونییەکان لای زانایەکی زانستە ڕووتەکان شایەنی باسکردن و تێڕامان بێت بۆ دۆزینەوەی حەقیقەتێکی زانستی و دارشتنی بیردۆزێکی زانستی، ئەوا لای حاجی ئەم ڕامان و وردبوونەوەیە لەم دیاردانە بەدیوە هونەری و ئەدەبیەکە شۆڕ بووتەوە و بووتە سەرچاوەیەك بۆ دروستکردنی وێنەیەکی بەرزی هونەری و هەست و بابەتێکی مەبەستداری پێ بەیان کردووە، شاعیر دەیەوێت بەهۆی لاساییکردنەوەی سروشت و هەندێ دیاردەی گەردوونی، گوزارشت لە حەقیقەتی دەروونی و لە خۆشەویستی و جوانی ناوەوەی خۆی بکات. واتا تێڕامانی شاعیر لە مەسەلەی لاساییکردنەوەدا بە دوو ئاراستەدا دەڕوات، ئاراستەی یەکەم دەپڕژێتە سەر خودی خۆی واتە وردبوونەوەی شاعیر لە مەبەست و حاڵەتەدەروونی و عەقڵییەکانی خۆی، کە شاعیر دەیەوێت گۆزارشتییان لێ بکات، ئاراستەی دووەمی تێڕامانی شاعیر بۆ سروشت دەڕوات، کە ئەو دیمەن و دیاردەو کەرەستانەیە کە شاعیر لاساییان دەکاتەوە بۆ گوزارشتکردن بەکاریان دێنێت لە مەبەستەکەی خۆیدا، ئینجا ئەم دوو ئاراستەیە لە ناو شیعر ئاوێتە دەبن و وێنەی شیعری بەرهەم دێنن. ئیتر ئەمە خەیاڵی شاعیرە، کە سروشت بینا دەکاتەوە، واتا لاساییکردنەوە بە فلتەری خەیاڵی شاعیردا دەڕوات بەمەش کەرەستەکانی سروشت و شتە سادە و ساکارەکانی ناویشی لە بەرگ و بنیادێکی ئیستاتیکی دادەڕێژێتەوە، بە پاڵ پشتی بنەما هونەری و ئەدەبییەکان و بنەماکانی جوانناسی.

دوای کارکردنێکی وردی خەیاڵ، لاساییکردنەوەکە لە ڕووی ئەدەبییەوە داهێنانی لێ دەکەوێتەوە، ئەم دەق و وێنەی شیعرییە کەرەستە ڕووتەکانی سروشت بەجێ دێڵێت، بەهۆی ئەوەی کەرەستەکان مەبەستی ترو واتای تریان لی بار دەکرێت و دیمەنی تریان پێ دەنەخشێنرێت. هەموو ئەو کەرەستانە، لە خەیاڵی شاعیردا بە وێنەی تر بارگاوی دەکرێن و پەیوەست دەکرێن بۆ ئەوەی پەیام و مەبەستێکی دەروونی یان عەقڵی شاعیر دەربڕن. بۆیە خەیاڵی شاعیر ئەوەی لە توانادا هەیە چەند وێنەیەکی شیعریی جیاواز لە کەرەستەیەك یان دیاردەیەکی سروشت بەرهەم بێنێ،


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەروەها یەك مەبەستیش بە وێنەی شیعریی جیاواز دەربڕێت، هەر لەبەر ئەوەشە، دەبینین هەر شاعیرێك لە هەر دێڕێکی شیعریدا، لە هەر لاساییکردنەوە و دووبارە کردنەوەیەکی کەرەستەکانی سروشت وەك " ئەستێرە و مانگ و ڕۆژ و گوڵ و چیا و وەرزەکانی ساڵ و دارو بەرد و ئاو....تاد" یان هەر شتێکی تر، کە لەهەنگاوی دووەمدا بوونی هەیە، وێنەیەکی تری شیعری بەرهەمدێنێت، هەر جارە و ئەم کەرەستەیە لەگەڵ کۆمەڵێك خەیاڵ و هەست کارلێك دەکات و بەشتی تر پەیوەستی ئەکات و تابلۆیەکی نوێی لێوە دەنەخشێنێت، ( بە نەبوونی ئەندێشە لە نێو شیعر، وێنەی شیعری دروست نابێت، کە وێنەی شیعریش نەبێت شیعر هیچ واتاو مانایەکی نابێت، ئەندێشە ڕۆڵی گرینگی لە چنینی دەقی شیعریدا هەیە و هێزی دەروونی شاعیرە، چونکە ڕاستە خۆ واقیع نا گوازێتەوە بەڵکو بەهۆی چنینی چەند وێنەیەکی شیعری دەتوانین توانا و داهێنانی شاعیری تێدا دەست نیشان بکەین)(مەولود، ل١٠٢). ئەگەر سەیری دەقی شیعری "ئەستێرەی بەختم"ی پیرەمێرد بکەین، کە لە ڕێگەی دیاردە و کەرەستەکانی سروشت چەند وێنەیەکمان بۆ دەکێشێتەوە، کە دەڵێت:

**ئاسمانەکەی، جێی ئەستێرەی بەرز**

**ئەدرەوشێتەوە بەشوعلەی سەد تەرز**

**ئەو دەمەی تیشکی، ڕۆژ ئەدا لە ئەرز**

**بۆ ئەستێرەکان دێنە ترس و لەرز؟**

...... تا دەگاتە

**شەوقێکی وای بێ، گەل پێی بڕوانێ**

**نەك کاروان کوژەی ، کوردبێ و نەزانێ**          **(پیرەمێر، ب١، ٢٠٠٩، ل١٤٠ ـ١٤١)**

لێرەدا پیرەمێرد، ئەو کەرەستە و مادانەی لەم دەقەدا بەکاری بردوون و، بەپێی توانای هەستەکانی خۆی لەسروشتدا وێنەی گرتوون لە پێناو مەبەستێکی تایبەت بەخۆی بەکاریان دەهێنێت، کەخۆی لە هەندێك بیری فەلسەفی و پەند ئامێزدا دەبینێتەوە، کەرەستەکانی سروشت وەك دالێك هەرگیز تەنیا بۆ یەك مەدلوول مل کەچ ناکەن و لەهەر ژینگەیەکی تری ناودەقدا لاساییان بکرێتەوە، مەدلوولی تر پێشکەش دەکەن، یاخود بلێن ئەمە توانای شاعیرە، کەلاسایی مادەکانی سروشت دەکاتەوە بەپێی خواستی مەبەست و ژینگەی دەق و وێنە شیعرییەکە، بەمەش مەدلوولی جۆراوجۆر لەکەرەستەیەك دەردەکێشێت.

پیرەمێر لە دەقی شیعری "هاوین"دا بەجۆرێکی تر و بۆ مەبەستێکی تر لاسایی گۆشەیەکی تری سروشت دەکاتەوە، وێنە لە کەرەستەکانی سروشت بۆ خزمەتی ئەو مەبەستە دادەتاشێ، کە جیاوازە لە داتاشینی پێشتر، پیرەمێرد لێرەدا باسی سروشتی هاوینمان بۆ دەکات، کە دەڵێت:

**هەوای هاوینە، هەوای هاوینە،**

**ئەمساڵ، هاوینمان، زۆر لێ بە قینە**

**گڕی ئاگری، سەبوون بە تینە**

**بەرگی ئاسمان، بۆ ئێمە شینە**

..... تا دەگاتە

**جارێکە و ئەمجار، کوگەل بێنە کار**

**کاڵای کوردستان، بخەنە بازار**          **(پیرەمێر، ب١، ل١٦١ ـ ١٦٣)**

لەم دەقەدا بەجۆرێکی تری جیاواز لە دەقی پێشووتر لاسایی سروشت کراوەتەوە و زەمەن و دیمەنێکی تری سروشتی لەخۆ گرتووە، ئەگەر هەمان مادە و دیاردەو کەرەستەی ناو سروشتیش دووبارە بووبنەوە وەك " گوڵ،


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

**ئەستێرە، ئاسمان شەماڵ، با، ئاو،...تاد"، چونکە هەر کەرەستەیەکی ناو سروشت کۆمەڵێك فۆرمی ئەدەبی و ئیستاتیکی جیاواز وەردەگرێت، ئەو دیاردە و دیمەنانەی لە دەقێکدا تابلۆیەکی پڕ لە وێنەی شیعریان بەرهەمهێناوە، لە ئەگەری دووبارەکردنەوەیان تابلۆی تر و وێنەی شیعری تر پێشکەش دەکەن و بەمەش جوانی تر بەرهەم دێنن و بەردەوام چێژی نوی دەبەخشن هەر ئەمەشە بەهای بۆ ئەو پرۆسەیە هێشتووتەوە. نەك هەر ئەوەندە بەڵکو کاتێك شاعیر لە دوو دەقی شیعری جیاوازدا باس لە یەك مەبەستی شیعری دەکات بە هەمان کەرەستە دیسان فۆڕم و شێوازەکان لاساییکردنەوەیەکی نوێ بەرهەم دێنن، بۆ نموونە ئەگەر سەیری دەقی شیعری "هەوری پاییز"ی گۆرانی شاعیر بکەین، کە دەڵێت:**

**لە دەریاوە قەتاری هەوری بارشت کەوتە دووی پێشەنگ**

**بە سەر سینگی چیادا چۆکی داداوە،کش و بێ دەنگ**

**بە سەر پایزی زەردا با بە خوڕ بگری، بە کوڵ بگری،**

**لە سەر ئاخر گەڵا، ئاخر چڵی تەنیایی گوڵ بگری،**

**تا دەگاتە....**

**تەبیعەت زەردو ژاکاوە، لە حاڵی گیان کەنشتایە،**

**نیشانەی ماتەمی پایز لە فرمێسکی درشتایە (گۆران، دیوان، ١٩٨٠، ل١٦٥ ـ١٦٦)**

**ئەم دەقەشیعرەی گۆران، کە باس لە سروشت و سروشتی پایز دەکات، لاسایی وێنەی دیاردەو دیمەن و کەرەستە و جوڵەکانی پایز دەکاتەوە و تابلۆیەکی هونەرییان لێ دروست دەکات، جارێکی تریش لەدەقێکی تر و چەند دەقێکی تریدا هەر لاسایی سروشتی پایز دەکاتەوە، بۆ دروستکردنی تابلۆی تری هونەری، وەك لەم شیعرانەی خوارەوەدا، دەڵێت:**

**پاییز! پاییز!**

**بووکی پرچ زەرد**

**من مات تۆ زیز**

**هەردوو هاودەرد**

تادەگاتە.....

**پاییز! پاییز!**

**هەرچەند گوڵ سیس ئەبێ بگرین**

**ئاڵتوونی دار ئەڕژێ بگرین**

**ڤیۆلی باڵدار ئەفرێ بگرین**

**بگرین... بگرین... چاومان نەسڕین**

**هەرگیز، هەرگیز (گۆران، دیوان، ل١٦٣ ـ١٦٤)**

لەگەڵ دەقی شیعری "سەوزەگیای پایز"، کە دەڵێت:

**گیای وردی پایز، سەوزی نەرم و نۆڵ،**

**قەیفەپۆشی رووی تیختی خاك و خۆڵ!**

**دلگیری، جوانی، بێ درك و داڵی،**

**دوایادگاری بەدیعی ساڵی!..**

**هەچ ئێوارەیەك دیدەنیت ئەکەم،**


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**سەمای پایزم تیا نامێنێ تەم!**

....... تادەگاتە

**تا گەرمایی ژین ماوە شادی کەم،**

**ئیتر وازبێنم لە ئاشنایی خەم!..** **(گۆران، دیوان، ل١٦٧ ـ١٦٨)**

ئەم سێ پارچە شیعرە و چەند دەقێکی تری شیعری گۆران، کە باس لە سروشتی پایز دەکات و وێنە و دیمەنەکانی پایز بەرجەستە دەکات، هەر پارچە شیعرە و بە شێواز و کۆمەڵێك خاسیەتی هونەری و وێنەی شیعرییەوە لاسایی سروشتی پایز دەکەنەوە و هەریەکەیان پەیام و مەبەست و حاڵەتێکی سایکۆلۆژی شاعیری لەخۆی گرتووە، بۆنموونە دەقی " پاییز! پاییز! بووکی پرچ زەرد/ من مات تۆ زیز"، شاعیر لە ڕێگەی ئەم دەقەوە لاسایی چەند دیمەن و گۆشەیەکی پایز دەکاتەوە و لەپێناو بەیانکردنی بارووداۆخی دەروونی خۆیی و گوزارشتکردن لە نائومێدی و بەدبەختی خۆیەوە، واتە (ئەم شیعرە توانەوەی خودە لە سروشت و بە تایبەتی پاییزدا، کە خەمێکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، زیزبوون و ماتی و خامۆشییەکی زۆری لەخۆوە گرتووە)(حوسین، ٢٠١٩، ل٧). ئیتر ئەگەر چەند دەقێکی شیعریشمان لە بەردەست دابێت خاوەنی یەك شاعیریش بێت و سەرچاوەی وێنەشیعرییەکانی هەمان دیمەن و کەرەستەکانی سروشت بێت، ئەوا هەر دەقێك بە ئەرکێکی تایبەتی دەروونی و عەقڵی شاعیر هەڵدەستێت و لەهەر دەقێکدا لاسایی کردنەوەکە لە پێنا و فلاشێکی دەروونی و فۆکسی خەیاڵی شاعیردا دەبێت بۆ ناوەرۆکێکی دیاری کراو، بۆیە هەرسێ پارچە شیعرەکە باس لە سروشتی پایز دەکەن، لاسایی کردنەوەی هەمان کەرەستە و دیمەن و جوڵەکانی پایزیان لە خۆگرتووە وەك "ڕەنگی زەرد، گەلای زەرد، گەڵا ڕێزان، هەور وبارانی پایز، بای پایزی.....تاد"، بەڵام لە سێ تابلۆی جیاوازدا، بەسێ شێواز و تام و بۆی جیاواز، هەریەکەیان بەجۆرێکی تایبەت بە هونەری ژینگەی دەقەکە لاسایی کەرەستەکانی کردووەتەوە و وێنەی شیعری پێ دروست کردووە، هەر یەکەیان وێنەی گۆشەیەکی حەقیقەتی پایزمان بۆ دەکێشن سەرەڕای گوزارشت کردن لە مەبەست و دەروونی شاعیر، بۆیە لاسایی کردنەوەی سروشت بە میکانیزم و وێنە و مەبەستی جیاجیای شیعری هۆکاری پەسەندی خوێنەرو چێژ بەخشینە، لەسەر ئەو بنەمایە هەر شاعیرێك هەزاران جار لاسایی وێنەکانی وەك "گوڵ و چیا و بەرد و مانگ و ئەستێرە" دەکاتەوە و لە سەدان دێڕە شیعردا دوبارە و سەد بارە بەکاریان دەهێنێتەوە.

لەم دەقانەدا تێڕامانی شاعیر بەدوو ئاراستەدا دەڕوات وەك پێشتر وتمان هەر ئاراستەیەك قوڵبوونەوەیە لە لایەنێکی سەربەخۆ، دواتر شاعیر خاڵی هاوبەش و لێکچوونەکان لە نێوانیان ئەدۆزێتەوەو بەپێی خواستی مەبەست و فلاشی دەروونی، سەرەتا بارگاوی بوونی شاعیر بە بارودۆخێکی سایکۆلۆژی و عەقڵی پەیام و مەبەستێك لای شاعیر دەخولقێنێت، ئەمە وەك ئاراستەی یەکەم، ئەمە ڕامانی دووەمی شاعیر بەگەڕ دەخات بۆ ئەوەی بڕواتە ناو سروشت و بۆ گوزارشتکردن لە خود کەرەستە و دیمەنەکانی سروشت هەڵبژێرێت و لاساییان بکاتەوە و حاڵەت و مەبەستەکەی خۆی پی بەیان بکات، بەم شێوەیە لاسایی کردنەوە لەچوارچێوەی شاعیر و خزمەتکردنی پەیام مەبەستەکانی دەسوڕێتەوە. بۆیە سروشت و پێکهێنەکانی، سەرچاوەیەکی گەورەی وێنەکانی شیعرییە و لاساییکردنەوەش پرۆسەیەکە بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجی ئەدەبی و هوەرییانەی شاعیر، ئینجا ئەو ئامانجە گوزارشتکردن بێت لە حاڵەتێکی کەسی و بارودۆخێکی دەروونی شاعیر وەك لای شاعیرانی کلاسیکی سەر بەقوتابخانەی کرمانجی خواروو دەبینین، یان بۆ گوزارشتکردن بێت هەم لە حاڵەتێکی دەروونی هەم لە واقیعێکی گەردوونی و کۆمەڵایەتی و سیاسی وەك لە دەقی شیعری نوێی کوردی هەستی پێ دەکەین، ئەوا بەپێی ئەم ئامانجە سود لە پرۆسەی لاساییکردنەوەی سروشت وەردەگیرێت.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەهەر جۆرێك بێت شیعر بە لاساییکردنەوەی دیاردە و دیمەنەکانی سروشت بەهای ئەدەبیی و هونەرییانەی خۆی لە دەست نادات، لەبەر ئەوەی دەقی شیعری، وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد بە پێی سروشتی کۆمەڵگاو خواست و چاوەڕوانی خوێنەر لە دەق دەگۆڕێ. زانین و قوڵبوونەوەی فەلسەفی و گەیشتن بە حەقیقەت و ئەنجامی زانستی لە ڕێگەی دەقی شیعرییەوە نەبووە بە خواستی شارستانییەتی ڕۆژهەڵات و داواکاری خوێنەر لە دەقدا، بەشێوەیەکی گشتی، بە تایبەتی لە کلتووری کوردیدا، ئەوەی لە شاعیری کورد چاوەڕوانکراوە دروستکردنی وێنەی ئیستاتیکی و بەرجەستەکردنی سود و چێژ و بیرکردنەوە و مەبەست و دۆخی عاتیفییانەی شاعیر لە فۆڕمێکی ئەدەبی و هونەرییدا.

## دووەم: لاساییکردنەوەی ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی

بەشێوەیەکی گشتی شاعیر سەرەڕای ئەوەی، کە لاسایی سروشت و پێکهێنەکانی دەکاتەوە، پێویستی بە جۆرە لاساییکردنەوەیەکی تریش هەیە، کە بریتییە لە فۆڕمی شیعر و تایبەتمەندی و بنەما هونەرییەکانی ئەم فۆڕمە، واتە لاسایی فۆڕمێکی ئەدەبی دەکاتەوە بۆ بەرجەستەکردنی ئەو وێنەیەی، کە لە لاساییکردنەوەی سروشت لە خەیاڵی خویدا، بەرهەمی هێناوە، چونکە ئەگەر فۆڕمێك نەبێ لاسایی بکاتەوە بۆ دەربڕین، ئەوا وێنە لاساییکراوەکەی سروشت لە خەیاڵی شاعیردا، هەر بە قەتیس ماوی دەمێنێتەوە، ئەم فۆڕمە شیعرییەش، کە لە کۆمەڵێك خاسییەت و بنەمای هونەری پێك هاتووە و شاعیرانی کرمانجی خواروو لاسایی دەکەنەوە بۆ دەربڕین، بریتییە لە فۆڕمی شیعری ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵات.

هەروەکو پێشتر بەدرێژی باسمان لەو لاساییکردنەوە و کاریگەری شیعری ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵات کرد بەسەر قوتابخانەی شیعری کرمانجی خواروو، شاعیر بۆ بەرجەستەکردنی وێنەکان فۆڕمی شیعری ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی بەکار دێنێت، بەڵام زمان و بارودۆخی دەروونی و سۆز و هەستی ئیستاتێکی و ژێرخانی نەستی شاعیر و چەندین ڕەهەندی تر وا ئەکەن شاعیر شیعرەکەی لە بەرگێکی تایبەت و بە چێژێکی نوێ بەرهەم بێنێت. ئەگەر شیعرێکی کلاسیکی کوردی وەربگرین، بۆ نموونە با سەیری ئەم دەقە شیعرەی "سالم" بکەین، کە دەڵێت:

ساقی لە پەردە دەرهات جامی شرابی هێنا

دڵ خیرە ما لە حیرەت، مەه ئافتابی هێنا

یەك زەرە عەکسی پرتەو، دەرکەوت و طوری سووتاند

ئایینە سەخت ڕوو بوو، لەو عەکسە تابی هێنا

تادەگاتە.......

وەه وەه چ مجلیسێ بوو، دوێ شەو لە دیدەو و دڵ؟!

دولبەر شەرابی گێرا (سالم) کەبابی هێنا (سالم، دیوان، ب١، ٢٠١٥، ل١٣٤ ـ ١٣٥)

لێرەدا سالم بۆ دەربڕینی هەست و بارودۆخی دەروونی و توانا و مەبەستەکانی خۆی و ئەو وێنانەی لە خەیاڵی خۆیدا بنیاتی ناون پەنا بۆ فۆڕمی شیعر دەبات. پێشووتر شیعر وەك میکانیزم و فۆڕمێك بوونی هەبووە، ئیتر شاعیر بۆ گوزارشت کردن لە مەبەستەکانی خۆی لاسایی ئەم میکانیزم و فۆڕمە دەکاتەوە، کە بریتییە لە شیعر نووسین بەپێی تایبەتمەندی شیعری کلاسیکی و یاسا و دەستوورەکانی شیعری ئەو سەردەمە لە ڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە، واتە ئەم کردەیە خۆی لە لاسایی کردنەوەی هەمان فۆڕمی شیعری دەبینێتەوە، لە ڕووی قالبی شیعری و کێش و سەروا و هونەرەکانی تری شیعر و پەیام و مەبەستەکانی شعری.

تەنانەت لە شیعری نوێی کوردیشدا، کە خاسییەتە هونەرییەکانی فۆڕمی شیعر، گۆڕانی بەسەر دادێت، و دەقی شیعری تایبەتمەندی نوێ وەردەگرێت، ئەوا دیسان شاعیر هەر لاسایی فۆڕمێك دەکاتەوە، کە بریتییە لە شیعر،

بەلاّم ئەم شیعرە خاسییەتی هونەری خۆماڵی وەردەگرێت، کە دیارە بەشێك لەم خاسییەتە شیعرییانەش پێشووتر لە دەقی فۆلکلۆری و میللی دا بوونیان هەبووە، ئەمەش واتای ئەوەیە، کە لێرەدا شاعیر لەبری ئەوەی لاسایی خاسییەتە دەرەکییەکان و تایبەتمەندی شیعری ڕۆژهەلاّت بکاتەوە ئەوا لاسایی کۆمەڵێك خاسییەتی خۆماڵی کردووەتەوە، بەلاّم هەر بریتییە لە پرۆسەی لاساییکردنەوە ئینجا بەهەر فۆڕم و تایبەتمەندییەکەوە بێت. بۆ نموونە ئەگەر سەیری ئەم دەقە شیعرەیەی گۆران بکەین: کە دەڵێت:

**بەئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە،**

**لە باغچەی بەهار گوڵم چنیوە،**

**شەونمی درەخت لەڕووم پڕاوە،**

**لەزەردەی زۆر کەل سەرنجم داوە،**

...... تادەگاتە

**کام تاسە، کام مەیل، کام چاوەنواڕی**

**تەلیسماوی یە وەك هیی دڵداری؟...** **(گۆران، دیوان، ل:٩-١٠)**

ئەم پارچە شیعرەی گۆران سەر بەقۆناغی شیعری نوێی کوردییە لە قوتابخانەی کرمانجی خوارووداا، لە ڕووی هونەری شیعری و بنیات و پێوەرەکانی دەقی شیعری و ڕوخسارو ناوەرۆکەوە لە شیعری کلاسیکی هەمان قوتابخانە جیاوازە، ئەم دەقە تایبەتمەندی شیعری خۆماڵی هەیە لەڕووی کێش و سەروا و قالب و زمان و وێنەوە، کە پێشووتر لە بەرهەمە میللی و فۆلکلۆرییەکاندا، بوونی هەبووە. بەلاّم بەهەمان شێوەی شیعری کلاسیك مەبەست و بیرو خەیاڵی شاعیر لە چوارچێوەیەکدا بەرجەستە کراوان، شاعیر لەناو هەر حەوت هونەرەجوانەکاندا و لە ناو هەموو ژانرە ئەدەبییەکاندا فۆڕمی شیعری هەڵبژاردووە و لاسایی ئەم هونەرەی کردووتەوە بۆ گوزارشتکردن لە خەیاڵ و مەبەستەکانی خۆی، بەهەمان شێوە شاعیرێکی کلاسیکی لاسایی فۆڕمی شیعری کردووەتەوە، واتە هەریەکە لەم دوو شیعرەی "سالم و گۆران" قالبێکن ئەم دوو شاعیرەو شاعیرانی تریش لاسایی ئەم فۆڕمە دەکەنەوە بۆ گوزارشتکردن لە وێنە دروستکراوەکانی ناو خەیاڵیان، کە ئەو وێنەیەش ئاوێتەیە لەگەڵ لاسایی کردنەوەی سروشت و مەبەست و حاڵەتە دەروونییەکانی شاعیر. بەلاّم خاسییەت و تایبەتمەندییە هونەرییەکانی شیعری ئەم دوو دەقە لێك جیاوازن و شاعیری کۆن و نوێ لە لاسایی کردنەوەی فۆرمی شیعردا، لە لاسایی کردنەوەی بنەما هونەرییەکانی شیعر جیاوازییان هەیە و هەریەکەیان ملکەچن بۆ لاسایی کردنەوەی کۆمەڵێك خاسییەتی شیعری لە بەرهەمەکانیاندا.

## سێیەم: لاساییکردنەوەی نموونەی شاعیرە بالاّکانی کورد

شاعیرانی قوتابخانەی کرمانجی خواروو لە ڕوویەکی تریشەوە کەوتوونەتە ژێر پرۆسەی لاساییکردنەوە، ئەویش لاساییکردنەوەی نموونەی شاعیرە بالاّکانی کوردە.هەرچەندە ئەمە لە ڕووی ئەدەبییەوە بە کاریگەری شاعیرێك بەسەر شاعیرێکی ترەوە سەیری کراوە، بە دیاردەیەکی سروشتی ئەدەبی دادەنرێت ، بەلاّم وەکو لە پێشووتریش ئەوەمان خستەڕوو، کە کاریگەری ئەدەبیش لەدەرەوەی ئەم زاراوە هونەرییە لە چوارچێوەی تیۆری ئەدەبیدا، جۆرێکە لە لاسایی کردنەوەی شیعری شاعیرانی تر، لەئەنجامی کاریگەری شاعیرێك بە جوانی دەقێکی شاعیرێکی ترەوە، هەوڵ ئەدات لاسایی هەمان دەق بکاتەوە یان بەجۆرێکی نزیك لەم دەقە درێژە بەدەقەکە بدات، ئەمەش بۆ حەزی خۆسەلماندنی شاعیر دەگەڕێتەوە لە پاڵ شاعیرێکی تردا، ئەم دیاریدەیە لە سایکۆلۆژیادا خۆی لە حەزێکی نەستیانەی شاعیر دەبینێتەوە بۆ لاسایی کردنەوەی شاعیرێکی تر و بەمەبەستی خۆ هاوشان کردن بەم.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لە قوتابخانەی شیعری کرمانجی خوارووی، بەر لە هەموو شتێك نالی وەك داهێنەر و بنیاتنەری ئەم قوتابخانەیە، بۆیەکەم جار شیعری بە زاری سۆرانی نووسی و بنەما هونەرییەکانی شیعری ڕۆژهەلاتی کورداند و لە زاری کرمانجی خوارووی، بەرجەستەی کرد. ئیتر ئەم کارەی نالی پەیڕەوی لێ کراو لەلایەن شاعیرانی ترەوە لاسایی کرایەوە تا بوو بە مایەی درووستبوونی ئەم قوتابخانە شیعرییە، ئیتر شاعیرانی سەربەم قوتابخانەیە بەر لە هەموو شتێك لاسایی کارێك دەکەنەوە، کە بریتییە لە نووسینی شیعر بەم دیالێکتە، کەبەر لە ئەوان لەلایەن سێکوچکەی بابانەوە بەتایبەتی نالی ئەنجام دراوە. بۆیە (نالی) وەك شاعیرێك کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بەسەر شاعیرانی تری سەر بەم قوتابخانە شیعرییەوە هەیە، ناڕاستەوخۆی ئەم کاریگەرییە هەموو شاعیرانی سەر بەم قوتابخانەیە دەگرێتەوە و لەوەدایە، بەشێوەیەکی گشتی هەر شاعیرێك لاسایی داهێنانێکی نالی دەکاتەوە، کە شیعر نووسینە بەم دیالێکتە، کاریگەری ڕاستەوخۆ بریتییە لە لاسایی کردنەوەی توانا و تایبەتمەندی شیعری و لایەنی ئیستاتێکی خودی دەقەشیعرییەکانی نالی. کاتێك دەقی شیعری شاعیرێك و شێوازی تایبەتی شیعرەکانی ئەو شاعیرە دەبنە سەرچاوەیەکی کاریگەر بۆ شاعیرێکی تر و ئەم شاعیرە لە ڕێگەی لاساییکردنەوەی شیعرەکانی شاعیری یەکەم توانای شیعری خۆی گەشە پێ ئەدات و شاعیرییەتی خۆشی دەسەلمێنێت، ئەگەر ئاماژە بە نالی بکەینەوە دەبینین، کە شێوازی شیعرەکانی نالی بۆ زۆر شاعیری سەر بەم قوتابخانەیە بوون بە ماددەی یەکەمی ئەدەبی و هێزی کاریگەر و وروژێنەر بۆ شاعیرانی تر. بۆ نموونە لێرەدا گەر سەیری ئەم شیعرەی نالی بکەین ئەوا دەبینن کە ئەم شیعرە وەك وروژێنەرێك کاری لە سالم کردووە و ئەم شاعیرە بە هەمان ناوەرۆك و ڕوخسارەوە لاسایی تایبەتمەندی و وێنەی شیعری نالی کردووەتەوە. بۆ نموونە نالی دەڵێت:

**دەروونم پڕ کەباب و دەردە بێ تۆ**

**دڵم گەرمە و هەناسەم سەردە بێ تۆ**

**خەریکی شەش دەری هات و نەهاتم**

**خەلاصیم قەت نییە لەم نەردە بێ تۆ**

**لیباسم ماتەمە، شینە لە شیندام**

**سوروشکم سورە، ڕەنگم زەردە بێ تۆ**

**عەزیزم! دڵ ڕەقە و، خۆم فەرد و تەنهام**

**دەترسم بمکوژێ ئەم دەردە بێ تۆ**

**بەبێ دیداری تۆ خۆ لاڵە "نالی"**

**عەجەب هەستاوە ئەم چەن فەردە بێ تۆ! (نالی، دیوان، ل٣٧٩ـ٣٨٠)**

ئەم پارچە شیعرە لیریکەییەی نالی، لە ڕووی ناوەرۆك و ڕوخسارەوە خاسییەت و جوانکاری خۆی هەیە، تایبەتمەندی کەسی شاعیری بەسەرەوەیە، دیارە ئەم دەقە کاری لە سالم کردووە، بۆیە سالمیش لە ژێر کاریگەری ئەو دەقە و بە بالاَ دانانی ئەو نموونە شیعرەی نالی، هەڵدەستێت بە وەگەڕخستنی توانای شیعر نووسین و بەرهەمهێنانی شیعرێکی هاوشێوەی نموونە شیعرەکەی نالی، لەبەر ئەوەی (لەو سەردەمەدا نالی بە مامۆستای شیعر لە قەڵەم دراوە و دەنگوباسی گەیشتۆتە ئەوروپا، سالم بە ڕێزەوە ناوی بردووە و بە مامۆستای خۆی زانیوە)(خەزنەدار،ب٣، ٢٠١٠، ل٥٥). هەروەها (سالم شانازی بە نالی کردووە، خۆشی ویستووە،.... شیعری نالی کارێکی زۆری کردووتە سەر شیعری سالم لە ڕووی کێش و قافییە و وشە و دارشتن و تەعبیر و لێکسیکۆن و ڕەوانبێژییەوە)(خەزنەدار، ب٣، ل١٦٣). بۆیە تارمایی لاساییکردنەوەی نالی لە هەندێك لە شیعرەکانیدا دیارە، ئەمەش دەلالەتە لەسەر هەوڵی خۆسەلماندنی سالم، لە ڕێگەی شوێن پێ هەلگرتنی نالی و شێوازی شیعرەکانی. لەم


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لاساییکردنەوەیەدا، سالم ویستوویەتی نەستیانە لەم ڕێگەیەوە نموونەی شیعرەکەی خۆی بخاتە ئاستی شیعرەکەی نالی، هەروەکو دەڵێت:

**لە سینەمدا صەدای ناڵینە بێ تۆ**

**دڵی زارم بەسێ غەمگینە بێ تۆ**

**ئەبەد وەك من غەمیش صاحێب وەفایە**

**ڕەفیق و هەمدەمی دێرینە بێ تۆ**

**تادەگاتە.....**

**بە ڕووی دڵما خەفەت پەرژینە بێ تۆ**

**لەچنگ غەم صەیدە (سالم) وەك کەبووتەر**

**لەدڵیا میخلەبی شاهینە بێ تۆ (سالم، دیوان، ب٢، ل ٧٢٧ـ٧٢٨)**

ئەگەر ئەم دەقە شیعرەییەی نالی وەك تابلۆیەك لەقەڵەم بدەین ئەوا دەتوانین بڵێین، کە سالم لەم تابلۆیەی ڕوانیوە، ویستوویەتی هەمان تابلۆ دووبارە بکاتەوە، بەپێی مەبەست و حاڵەتی دەروونی خۆی و توانای شیعرییەتی خۆیەوە، نەك هەر تەنیا سالم بەڵکو زۆر شاعیری تریش تابلۆکان دووبارە دەکەنەوە یان درێژەی زیارتی پێ دەدەن، بۆنموونە هەمان تابلۆ لای "مستەفا بەگی کوردیش و سافی و ئەختەریش" تێبینی دەکرێت، هەروەکو لە دەقێکی هاوشێوەدا، کوردی دەڵێت:

**دەروونم زامدارو، دڵ غەمگینە بێ تۆ**

**سەرگێژ و، تەنم بێ تینە بێ تۆ**

**خەوم بێ هۆشییە، بەرگم پەلاسە**

**خۆراکم خوێنە، شادیم شینە، بێ تۆ**

**تادەگاتە.....**

**لە هاوسایان لە تاو ناڵینی کوردی**

**دوعای مەرگە، لەخۆم ئامینە بێ تۆ (کوردی، دیوان، ب١، ٢٠١٠، ل٤٥٦)**

ئیتر ئەم حاڵەتەی، کە بریتییە لە کێشانی هەمان تابلۆی شیعری لە زۆر دەقی تری شیعرەکانی سالم و کوردی و شاعیرانی تر تێبینی دەکرێت، ئەمەش لە هونەرەکانی شیعری وەك پێنج خشتەکی و تێکهەڵکێش و شیعر و وەڵامە شیعر بەرجەستە دەبێت بۆ نموونە (مارف خەزنەدار) دەڵێت: (لە بەڵگەیەکی تردا سالم لاسایی غەزەلێکی نالی دەکاتەوە)(خەزنەدار، ب٣، ل١٦٤). کە لە سەرەتاکەیدا نالی دەڵێت:

**طبعي شەککەر باری من، کوردی ئەگەر ئینشا دەکا**

**ئیمتیحانی خۆیە مەقصودی، لە "عمدا" وا دەکا نالی (نالی، دیوان، ل ١٠٦ـ١٠٧)**

هەروەها سالم لە نموونەیەکی هاوشێوەدا دەڵێت:

**کاتبی فیکرم لە دڵدا دقتی ئینشا دەکا**

**جوست و جۆ بۆ سطر بەندی کاغەزی میرزا دەکا**

**تاکو بێتە سەر سەری سایەی هوما ئاوانەبێ**

**لووتی پاپاغی لەگەڵ سەقفی فەلەك دەعوا دەکا (سالم، دیوان، ل٢٩)**

نالی بەهۆی توانا و بەرزی ئاستی هونەری لە شیعر نوسیندا لای زۆر شاعیر بۆتە جێگەی سەرنجدان و وەك وروژێنەر و نموونەی باڵا ڕۆڵی گێڕاوە، دەقەکانی شیعری نالی، شاعیرەکانی تری وروژاندووە، بە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

چەندین شێوە لاسایی شێواز و بیرو وێنە و ڕەهەندەکانی شیعرییان کردووەتەوە، ئەمەش بۆ سیفەتی نموونەیی باڵا بوون دەگەڕێتەوە، کە وای لە شاعیرەکانی تر کردووە شوێن پێی تایبەتمەندییەکانی شیعری بکەون و نموونە و وێنەی هاوشێوەی قەسیدە و غەزەلەکانی نالی بەرهەم بێنن، دواتر شاعیر بە پێی توانا و شاعیرییەت و ژینگەی دەروونی خۆی، لە ڕێگەی کۆمەڵێك میکانیزم و تایبەتمەندی ئەدەبی و هونەری شتێکی نوێ دێنێتە بەرهەم. بەڵام کاریگەری نالی و لاسایی کردنەوەی شیعری نالی بە گۆشەیەکی بەرهەمەکەیەوە هەر دیارە، بۆ نموونە ئەم شیعرەی نالی، کە دەڵێت:

**عیشقت، کە مەجازی بێ، خواهیش مەکە ئیللا کچ**
**شیرین کچ و، لەیلا کچ و، سەلما کچ و، عەذرا کچ**
**فەرقی کوڕ و کچ ڕۆشن، وەك فەرقی مەه و میهرە**
**ئەم فەرقی شەو ڕۆژە وەك فەرقە لە کوڕ تا کچ**
...... تا دەگاتە
**بابێکی هەیە دونیا بۆ عەشقی مەجازی، بەس**
**"نالی" چییە ئەو بابە: ئادەم و کوڕو حەووا کچ** (نالی، دیوان، ل١٥٧ ـ١٦٢)

ئەم غەزەلەی نالی، کە باسکردنە لە عەشقی مەجازی و بۆ ئەو مەبەستەش جەخت لەسەر کچ دەکاتەوە، بە چەقی مەیدانی ئەم عیشقەی لەقەڵەم دەدات، ئەم دەقە ڕێگا خۆشەکەرە بۆ بەرهەمهێنانی شیعری هاوشێوە لە لایەن چەند شاعیرێکەوە، بۆ نموونە حەریق دەڵێت:

**عیشقت کە حەقیقی بێ، تالیب مەبە ئیللا کوڕ**
**هەمم حەزرەتی لەولا کوڕ، هەمم یووسوفی واڵا کوڕ**
**ئەو نورە، کە مەنشەئبوو بۆ عاشقی مەبدەئبوو**
**تێفکرە لە لە ئەو نوورە مەعلووم و هوەیدا کوڕ**
....تا دەگاتە
**هەر عیشقێ حەقیقی بێ وەك عیشقی "حەریقی"بێ**
**مەیلی بەدەقیقی بێ بۆ مەعریفەتوڵڵا کوڕ** (حەریق، دیوان، ٢٠١١، ل٤٦ـ٤٧)

ئەم شیعرەی حەریق لە شێوەی بەرپەچدانەوە و وەڵامدانەوەدایە بۆ قەسیدەکەی نالی، هەر چەندە بیرکردنەوەی حەریق لەم قەسیدەیەدا، جیاوازە لە بیرکردنەوەی نالی، بەڵام بێگومان سەرچاوەی ئەم قەسیدەیەی حەریق بۆ قەسیدەکەی نالی دەگەڕێتەوە، بۆیە دەبینین لە ڕووی ڕووخسارەوە زۆر لێك نزیکن و لە چەند گۆشەیەکەوە سێبەری لاساییکردنەوەی بەسەرەوەیە، هەمان سێبەری لاساییکردنەوە بۆ "ئەدەب" میسباح دیوانیش درێژ دەبێتەوە، هەروەکو دەڵێت:

**بۆ ئەو کەسە عیشقی بێ فەرقی نییە کوڕ یا کچ**
**هەرچەندە کە مەعلوومە فەرقی چییە کوڕ تا کچ**
**بۆ ئەو دڵەی شەیدا بێ فەرقی نییە هەر لا بێ**
**بەڵکە لە هەموو لابێ ئەو لا کوڕ و ئەم لا کچ**
.... تا دەگاتە
**"نالی کە ئەوەی دیبا ئەڵبەتتە دەبوو وتبای:**
**(عیشقت کە مەجازی بێ تالیب نییە ئیلا کچ)** (مصباح الديوان ئەدەب، دیوان، ٢٠٠٥، ل ٤٢ـ ٤٣)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەهەمان شێوە قەسیدەکەی نالی لە باگراوەندی ئەم قەسیدەیەی "ئەدەب"یشدا، بە ئاشکرا دەبینین، لە چەندین گۆشەوە هەس بە لاسایی کردنەوە هەر یەکە لە حەریق و ئەدەب دەکەین، بەم شێوەیە نالی لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە ڕۆڵی نموونەی باڵای بینیوە بۆ بەرهەمهێنانی شیعری شاعیرانی دوای خۆی، هەر لە "سالم و کورد"یەوە بگرە تا دوایی، دواتر شاعیرانی تریش وەك "سالم ، کوری، مەحوی , شیخ ڕەزا و حەریق ، بێخود، پیرەمێرد، شێخ نووری، گۆران،...تا"، بەپێی ڕێزبەندی مێژوویی و توانای شیعرییانەوە ئەم ڕۆڵەیان بینیوە، زۆر شاعیر هەیە لاسایی دەقێکی شیعری سالم یان مەحوی یان وەفایی یان شاعیری تری کردووەتەوە، بۆ نموونە ئەم شیعرەی بێخود، کە دەڵێت:

**لەو ڕۆژەوە ڕۆیشتووە تۆراوە دڵی من**

**هەرچەند ئەگەڕێم بێ سەرو شوێن ماوە دڵی من**

**ئاخۆ بە چ شاخێکەوە گیرساوە دڵی من**

**یاخۆ بە چ داخێکەوە سوتاوە دڵی من**

**ئەو هەمدەمی غەمخوار و نەدیمی منە یارەب**

**ئەو مەحرەمی ئەسراری منە یارەب**

........ تا دەگاتە

**"بێخود" مەبە ئیتر بە ئومێد و بە تەمای ئەو**

**نایێتەوە لات گەر سەری داناوە دڵی من**           **(بێخود، دیوان، ١٩٧٠، ل٧٦-٧٨ )**

ئەم شیعرەی بێخود وەك دەقێکی شیعری نموونەی خۆی نواندووە و زۆر شاعیری تر درێژەیان بەم شیعرە داوە و لاسایی لایەن و گۆشەیەکی دەقەکەیان کردووتەوە، بۆ نموونە هاوشێوە ئەم دەقە لە لای ((شاعیران" وەفایی، ساقی، کەمالی، ئەمین، میهری، شێخ نووری شێخ صالح، ویسالی، میرزا غەفور، دەشتی، ئەسعەد مەحوی، پاکی، عاسی، نووری، جەلالی شێخ جەمیل و دلزار"، هەموویان پاش سەروای "دڵی من"یان بەکارهێناوە، کە ڕۆڵی هەرە گرنگ لەو وێنانە دەبینێ، بێخود وەکو دەستپێشخەر و ئەوانی تریش هەر یەکە و بەپێی بیر و بۆچوونی تایبەتی خۆی پاش وەرگرتن و کاریگەرییەکە وێنەی جۆراوجۆر هاتوونەتە ناوەوە))(مەولود، ٢٠١٣، ل٨٣). ئیتر ئەم دەقە شیعرانەی، کە وەك نموونەی باڵا کاریگەریان بەسەر شاعیرانی ترەوە نواندووە و بەشێوەیەك لە شێوەکان لاسایی کراونەتەوە لە شیعری کلاسیکی کوردی سەر بەقوتابخانەی کرمانجی خوارووددا، پانتاییەکی فراوانی داگیر کردووە.

کاریگەری ئەم شاعیرانە بۆ شیعری نوێی کوردیش شۆڕبووەتەوە، هەروەها بێجگە لە شیعری کلاسیکی کوردی لە شیعری نوێی کوردیشدا، چەند شاعیرێکی تر دێنە پێشەوە، کە بەهۆی ئەو تازەکردنەوەیەی لە شیعری کوردی ئەنجامیاندا، کاریگەری گەورەیان لە سەر شاعیرانی دوای خۆیان دروستکرد و ئەوانیش بۆ قۆناغی شیعری نوێی کوردی لە کرمانجی خوارووددا، ڕۆڵی نموونەی باڵایان بینیووە، وەك "پیرەمێرد و شیخ نووری شێخ سالح و گۆران"، لەلایەن شاعیرانی ترەوە لاسایی تازەگەری و شێواز و نموونەی دەقە شیعرییەکانیان کراوەتەوە، گۆران خۆی دان بەم ڕاستییە دەنێت و دەڵێت: (پیرەمێرد قوتابخانەیەکی تایبەتی نەبووە، بەڵام شیعرەکانی زۆر تەئسیری لەلاوان دەکرد)(گۆران، ل٣)، هەروەها سەبارەت بە شێخ نووریش ئەوا خۆی ئاماژە بەوەدەکات، کە (ئەتوانرێ بە شێخ نووری بوترێ سەرۆك، بەهۆی زۆری بەرهەم و بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانی، کە کاریگەری هەبوو لەسەر ئەدەبی کوردی)( گۆران، ل٣).

ئیتر بوونی دەقێکی شیعری شاعیرێك وەك نموونەیەکی باڵا و شایستە بۆ چاولێکردن و شوێن پێ هەڵگرتن لە ئەدەبیاتی کرمانجی خوارووددا، بە ڕوونی هەستی پێ دەکرێت و ئەم کاریگەری و لاساییکردنەوەیەش بووە بە

نەریتێکی شیعری و ژینگەیەکی ئەدەبیی مامەڵەکردنی ناڕاستەوخۆی  شاعیران لەگەڵ یەکتریدا، کە لە چەندین فۆڕمی هونەریدا خۆی بەرجەستە کردووە.

## ئە نجامەکان

١. دەقی شیعری کوردی لەم قوتابخانەیەدا، سەرەڕای لاساییکردنەوەی ئەدەبیاتی نەتەوەکانی ترخاوەنی بنیاتێکی تایبەت بە خۆیەتی، ئەو بنیاتەش لە زمانی دەربڕینەوە دەست پێ دەکات، چونکە زمانی کوری خاوەنی دانەی فەرهەنگی و یاسا ڕێزمانییەکانی تایبەت بە خۆیەتی، شاعیری کورد پەیام و هەست و سۆز و دنیابین و دەلالەت و  هەستی جوانناسییانەی خۆی بە زمانی کوردی بەرجەرستەکرووە. ئەم زمانەش سروشتێکی نەتەوەیی هەیە و ئەم سروشتەش سروشتێکی ناوچەیی بە دەقی شیعری کوردی بەخشیووە.

٢. لاساییکردنەوەی سروشت لە هەموو قۆناغەکانی قوتابخانەی شیعری کرمانجی خواروو، نەبووەتە هۆکارێکی نەرێنی بۆ دۆڕان و لە بەها کەوتنی دەقی شیعری کوردی، لاساییکردنەوە سروشت لای شاعیرانی کورد بریتییە لە دووبارەکردنەوەی سروشت بە ئاراستەیەکی داهێنەرانە، کە لە چوارچێوەیەکی هونەری و فۆڕمێکی ئیستاتیکیدا بەرجەستەی کردووە، سەرەڕای جوانی بنچینییەکە ئەوا بەشێك لە جوانی تریشی تێکەڵ دەبێت، کە خۆی لە هونەرەکانی شیعر و هەست و سۆز و بیر و خەیاڵ و چێژ و هەستی ئیستاتیکای شاعیر دەبینێتەوە، بۆیە شاعیر لە لاساییکردنەوەی سروشتدا، دەتوانێ چێژ و جوانی وسود و زۆرشتی تریش بەیەکەوە ببەستێتەوە.

٣. لاساییکردنەوەی خەسڵەتە هونەرییەکانی شیعری نەتەوەکانی تر، لە شیعری کوردیدا نەبووەتە هۆکاری ونبوونی ناسنامەی دەقێتی نەتەوەیی و ناوچەیی لە شیعری کوردیدا، ئەم جۆرە لاساییکردنەوەیە کارێك نەبووە، کە داهێنانی هونەری لێنەکەوێتەوە، بەڵکو پەیڕەوەی کردن لە خاسییەتەکانی ئەدەبیاتی نەتەوەکانی تر گۆڕانی بەسەر داهاتووە و لە ناو بەرگێکی کوردیدا خۆی فۆڕمەلە کردووە، ئەو خاسییەتانە بەو گۆڕانکارییەوە جێگای خۆیان لە شیعری کوردیدا گرتووە، دواتر بۆ نوسینی بەرهەمی شیعری تر بوون بە بنەما و پێوەر.

٤. لاساییکردنەوەی شیعری شاعیرە باڵاکانی کورد، بە دیاردەیەکی سروشتی ئەدەبی دادەنرێت، ئەم جۆرە لاساییکردنەوەیەش لەم قوتابخانەیەدا بەرچاو دەکەوێت، شاعیرەکان ویستوویانە لە پاڵ شاعیرێکی باڵاتر شاعیرییەتی خۆیان بسەلمێنن،  نالی وەك بنیاتنەری ئەم قوتابخانەیە، لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، کە بۆ یەکەمجار بنەما هونەرییەکانی شیعری ڕۆژهەلأتی لەم قوتابخانەیەدا کوردان، ڕۆڵی شاعیری باڵای بینیوە، شێخ نووری و گۆرانیش لە شیعری نوێدا، هەمان ڕۆڵیان بینیوە، بەوەی پەیڕەویان لێ کراو لەلایەن شاعیرانی ترەوە لاسایی کراونەتەوە.


e-ISSN (2522-7130)  p-ISSN (2410-1036)

## سەرچاوەکان

### یەکەم ـ کتێبە کوردییەکان


١. ئازاد بەرزنجی، تیۆری دراما لای ئەرستۆ، چ/ یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلیمانی، ٢٠١٦،

٢. ئەفلاتون، سەرجەمی بەرهەمەکانی ئەفلاتون، و/ عیمران هاواری، ب/ ٢، چ/ یەکەم، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلیمانی، ٢٠١٠.

٣. ئەفلاتون، کۆمار، و/ د. محمد کەمال، چ/ یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلیمانی، ٢٠٠٩.

٤. ئەفلاتون، کۆمار، و/ سۆران عومەر، ڕێبوار قارەمانی، مەهدی حەسەن چۆمانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦.

٥. ئومێد ئاشنا، گۆران نوسین و پەخشان و وەرگێڕاوەکانی/ چ/ یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢.

٦. بێخود (دیوان)، کۆکردنەوەی محمدی مەلا کەریم، چ/یەکەم، انتیشارات کردستان، سنە، ١٣٨٤.

٧. بیرتراند راسێل، مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا، و/ فازڵ محمود وەلی، چ/ یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلأت، هەولێر، ٢٠١١.

٨. پ.د. کامل حەسەن بەسیر، مێژووی ڕەخنەسازی، چ/ یەکەم، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بلأوکردنەوە، سلیمانی، ٢٠١٥.

٩. پیرەمێرد (دیوان)، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی ئومێد ئاشنا، بەرگی دووەم، چ/ دووەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩.

١٠. پیرەمێرد، (دیوان)کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی ئومێد ئاشنا، بەرگی یەکەم، چ/ دووەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩.

١١. حاجی قادری کۆیی (دیوان)، لێکۆڵینەوەی سەردار میران و کەریم شارەزا، چاپخانەی ڕۆشنبیری لاوانی کوردستان، بەغدا، ١٩٨٦.

١٢. حەریق (دیوان)، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی نەوزاد کەلهوڕ، چ/ یەکەم، چاپ و بلأوکراوەی تەفسیر، هەولێر، ٢٠١١.

١٣. حەمدی (دیوان)، عەبدوللا خدر مەولوود، چ/ یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٨.

١٤. حەمید عەزیز، سەرەتایەك لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان، چ/ دووەم، چاپخانەی شیڤان، سلیمانی، ٢٠٠٥

١٥. د. ابراهیم محموود خەلیل، ڕەخنەی ئەدەبی نوێ لە لاساییکردنەوەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەگەرایی، و/پ.ی.د. محمد تاتانی، چ/ یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلیمانی، ٢٠١٧.

١٦. د. عەبدوللا خدر مەولوود، کاریگەری شاعیرانی کلاسیکی کورد لەسەر یەکتریدا، چ/ دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەلأت، هەولێر، ٢٠١٣.

١٧. د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب/ سێیەم، چ/ دووەم، دەزگای چاپ و بلأوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.

١٨. د. هیمدادی حوسێن، ڕۆژنامەوانی کوردی گۆڤاری هیوا ١٩٥٧ ـ ١٩٦٣، چ/ یەکەم، بەرگی ٥، دەزگای چاپ و بلأکراوەی ئاراس، ٢٠١٠.

١٩. ڕێبوار محمد مەلا زادە، نالی و سایکۆلۆژیای شیعر، چ/ یەکەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بلأوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٦.

٢٠. ڕێزان سالح مەولود، ئەندێشەی شیعری لە نێوان ڕێبازی کلاسیك و ڕۆمانتیکی کوردی لە کرمانجی خواروودا، چ/ یەکەم، لە بلأوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی و ئەدەبی نما، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٩.

٢١. سالم (دیوان)، ساغکردنەوەو لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم و محمدی مەلای کەریم، بەرگی/ یەکەم، چاپخانەی بنکەی ژین، سلیمانی، ٢٠١٥.

٢٢. سالم (دیوان)، چ/ دووەم، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٧٢.

٢٣. سەرجەمی بەرهەمی گۆران، محمدی مەلا کەریم، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٨٠، ل٣٥



e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

٢٤. کوردی (دیوان)، لێکۆڵینەوەی محەمەد مستەفا"حەمەبۆر" چ/ یەکەم، بەرگی ١، دەزگاری چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.

٢٥. کوردی (دیوان)، لێکۆڵینەوەی محەمەد مستەفا"حەمەبۆر" چ/ یەکەم، بەرگی ٢، دەزگاری چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.

٢٦. مەحوی (دیوان)، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و محمدی مەلای کەریم، چ/دووەم، چاپخانەی حیسام، بەغداد، ١٩٨٤.

٢٧. مصباح الدیوان ئەدەب(دیوان)، شەرح و لێکدانەوە محمد سەعید نەجاری ئاسۆ، چ/ یەکەم، چاپخانەی صلاح الدین ایوبی، ١٣٨١.

٢٨. نالی (دیوان)، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، پێداچوونەوەی محمدی مەلای کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٦.

## گۆڤارەکان

٢٩. بەختیار محمد، کۆمەڵگای لاساییکردنەوە، گ/رامان، ژ/٢٢٦، هەولیر، ٢٠١٦.

٣٠. پ. د.هیمداد حوسێن بەکر، ئیستاتیکا و پەرناسیزمیی شیعریی( گۆران)، گ/زانکۆ، ب٢٢، ژ/ ١، ٢٠١٨.

٣١. حەمید عەزیز، دەستپێکی تیۆری زانینی زانستیانە، گ/ڕامان، ژ/٢٣٣، هەولێر، ٢٠١٦.

٣٢. گۆران، کۆن و تازەیی لە هەڵبەستا، گ/هیوا، ژ/٣١، ساڵی٤، ١٩٦١.

٣٣. ع. بیمار، دانیشتنێك لەگەڵ گۆراندا، گ/ بەیان، ژمارە ٢، ١٩٧٠.

## عەرەبییەکان

٣٤. ابن منظور الافریقي، لسان العرب، مج/ الثامن، ط/ الثالثة، دار الحدیث للطباعة والنشر، القاهرة، ٢٠٠٣.

٣٥. جیروم ستونلیتز، النقد الفنی، ت/ فؤاد زکریا، ط/ الثانیة، المؤسسة العربیة للدراسات و النشر، بیروت، ١٩٨١.

٣٦. د. إحسان عباس، فن الشعر، الطبعة الرابعة، دار الشرق للنشر والتوزیع، عمان، ١٩٨٧.

٣٧. د. جیرار جیهامی، موسوعة مصطلحات الفلسفة عند العرب، ط/ الاول، مکتبة لبنان ناشرون، بیروت، ١٩٩٨.

٣٨. د. عمر عثمان، معاییر النقد الأدبي عند العرب والیونان، ط/ الأولى، المؤسسة الحدیثة للکتاب، لبنان، ٢٠١٦.

٣٩. شکری عزیز الماضی، محاضرات في نظریة الادب،الطبعة الاولى، دار البحث للنشر، القسنطنینة، ١٩٨٤.

٤٠. ضورض کینیدي، النقد الأدبي الکلاسیکی، ت/ المجلس الاعلى للثقافة، ط/ الاول، ج/ ١، الهیة المطابع الأمیریة، القاهرة، ٢٠٠٥

٤١. ویل وایرل دیورانت، قصة الحضارة، ت/د. محی الدین صابر - دزکي نجیب محمود، مج١، ط/ الثانیة، مکتبة الاسرة، القاهرة، ٢٠٠١.

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە، کە لە ژێر ناونیشانی (بەهای شیعری کرمانجی خواروو لە ژێر چەمکی لاساییکردنەوەدا بەپێی بنەما تیۆرییەکانی ئەفلاتوون)ە، تەوەرەیەکە لە نامەی دکتۆرا، بە شێوەیەکی گشتی ڕێگایەکە بۆ خستنە ڕووی خاسییەت و سروشتی دەقی شیعری لە کرمانجی خوارووا، لە ژێر ڕۆشنایی تیۆری لاساییکردنەوە، بەتایبەتی بۆچوونە تیۆرییەکانی ئەفلاتوون.

چوارچێوەی کار و پلانی ئەم باسە، لە دوو بەشدا خۆی دەنوێنێت: لەبەشی یەکەمدا، بەشێوەیەکی گشتی زانیاری تیۆری لەسەر تیۆری لاساییکردنەوە خراوەتەڕوو، کە بەجۆرێك بەرچاو ڕوونیمان بۆ بەشی دووەم پێ ببەخشێت، لەبەشی دووەمیشدا شیعری کرمانجی خواروو خراوەتە ژێر فۆکسی چەمك و دەلالەت و جۆرەکانی لاساییکردنەوە. لەم باسەدا ئامانجی سەرەکی ئەوەیە، کە لە چوارچێوەی تیۆری لاساییکردنەوە و لە ژێر ڕۆشنایی هۆکار و هەلومەرجە ناوچییەکانی کۆمەلگای کوردی و ژینگەی تایبەتی قوتابخانەی شیعری کرمانجی خواروو، ئاماژە بە سروشت و بەهای دەقی شیعری بکەین، ئینجا فۆڕم و شێوازەکانی ئەو لاساییکردنەوەیە بخەینەڕوو، کە لە شیعری ئەم قوتابخانەیەدا پەیڕەو کراوە. بەپێی ئەو پێوەرانەی لە بنەماکانی تیۆری لاساییکردنەی ئەفلاتوون هاتوون، دەقی شیعری کرمانجی خواروو مولزەمە بە چەمکی لاساییکردنەوە بەلاّم ئەوە مانای وانییە، کە شیعری ئەم قوتابخانەیە بەهۆیەوە پێوەری دەقێتی و ناسنامەی شیعربوون و داهێنان لەدەست دەدات، چونکە بنیادی دەقی شیعری کرمانجی خواروو، جیاکاری خۆی هەیە، لە ڕوو "زمان و پەیامداری و ناسنامە و جۆری ژانرییەتی و ڕەگەزە ئەدەبییەکانی وەك "بیر، خەیاڵ، سۆز، فۆڕم"، هەلگری شێوازێکی تایبەت بەخۆیەتی، بۆیە لەو چوارچێوەیەشدا پرۆسەی لاساییکردنەوە خۆی دەنوێنێت.

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و میزانکردنی دەقی شیعری کرمانجی خواروو بەپێی چەمك و بنەماکانی تیۆری لاساییکردنەوە، لە ڕووی چەندییەتی و جۆرییەتییەوە سروشتی ئەو لاساییکردنەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە وەك پرۆسەیەك لای شاعیرانی کورد بوونی هەبووە و لەو ڕێگەیەشەوە بەها و سروشتی دەقی شیعری کرمانجی خووارووومان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

## الملخص

يعد هذا البحث المرسوم بـ(مكانة شعر اللهجة الكرمانجية الجنوبية في ضوء مفهوم المحاكاة، وبحسب وجهة أفلاطون النظرية)، محورا من محاور أطروحتنا للدكتوراه، وهو محاولة لبيان خصائص النصوص الشعرية وطبيعتها في اللهجة الكرمانجية الجنوبية.

اذ يعد المحاكاة ملحما نظريا في اطار نظرية الأدب ونقده، الذي كان محط قراءات متعددة وآراء متباينة، والذي احتكم اليه عبر التاريخ لتقييم النصوص الشعرية ونقدها من حيث الايجاب والسلب "القبول والرفض"، اذ يعد أفلاطون رائد حركة احياء هذا المفهوم ضمن مذهبه الفلسفي الحر المعتمد في النقد الأدبي، اذ يرى أن الأدب والفن عنصران من العناصر المكملة لدئرة التقليد. كما نشير في هذا البحث الى طبيعه النص الشعري ومكانته ضمن مفهوم التقليد اعتمادا على العوامل الجغرافية والبيئية المحيطة بالمجتمع الكوردي، فضلا عن الظروف المختلفة الناجمة عن تباين المدارس الشعرية اللهجة الكرمانجية الجنوبية، من خلال درلسة للشعر الكوردي في اللهجة المذكورة دراسة نقدية، وعرضها من حيث الشكل والأسلوب المتبع في شعر هذه المدرسة على وفق المعايير المستمدة من نظرية المحاكاة وأسسسها عند أفلاطون. وبما أن النص الشعرى "على العموم" في اللهجة الكرمانجية الجنوبية يلتزم بمفهوم التقليد، الا أن هذا لايفقده خصوصيته ومعاييره النصية الخاصة به، والتي تفصح عن هويته الشعرية المبدعة والفذة، كونه ينماز بأسس بنائية خاصة من حيث اللغة والايصال الابلاغ والانتماء، فضلا عن جنسه الأدبي و أسلوبه المنفرد من نوعه، والمعتمد على الفكر والخيال والاحساس والشكل.

اذ تتصافر هذه الأبعاد كلها لبناء النصوص الشعرية المتسمة في حد ذاتها بالتغيير، وكلما تغير بعد من هذه الأبعاد النصية عبر التاريخ ، و تغيرت الأسس والأساليب فيها أيضا, ولا يمكننا الوقوف على هذه الحقائق الا من خلا البحوث العلمية، وتحليل النصوص الشعرية وتقييمها في اللهجة الكرمانجية الجنوبية من حيث مفاهيم النظرية النقدية وأسسها.


e-ISSN (2522-7130)        p-ISSN (2410-1036)

## Abstract

This research entitled "The value of Kurdish poetry of Central dialect under the concept of imitation, from the perspective of Plato's theoretical thoughts" is part of a doctoral thesis. It attempts to explore the nature and properties of poetic texts of Central dialect in light of the theory of imitation, particularly, Plato's theoretical thoughts. The concept of imitation, within the framework of literary theory and literary criticism, has been differently interpreted. Throughout history, poetic texts in light of this concept have been positively and negatively analyzed. Plato was the first one who associated this concept with literary criticism and placed it in an independent philosophical method because he would consider literature and art within the framework of imitation.

According to Plato's theoretical thoughts of imitation concept, Kurdish poetry of Central dialect receives its own properties. This is based on the nature of texts and the impact of environment on them, for the poetic environment of Greek literature in Plato's era is very different to Kurdish literature of Central dialect.

This research, in light of local circumstances of Kurdish society and different environments of Kurdish poetic school of Central dialect, mentions the nature and value of poetic texts within the framework of the theory of imitation. Following this, a theoretical and critical analysis is presented. The style of the imitation applied by this poetic school is highlighted. According to the criteria taken from the principles of Plato's imitation theory, poetic texts of Central dialect are bound to the concept of imitation. This does not mean that the poetry of this literary school loses its textuality criteria, identity of poeticness and invention. The structure of the poetic texts of Central dialect has its own properties in respect of language, intentionality, identity, type of genre and literary elements such as idea, imagination, emotion and form. These aspects build the structure of the texts. Throughout the history of this literary school, alongside the change of those aspects, the form and structure of the texts have changed. This could be reached through investigating poetic texts of Central dialect with the theoretical and critical concepts and criteria.



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)